
ستار شەشۆیی
میوان
شیعر
٢٠١٩

# میوان

شیعر

## ستار شەشۆیی

٢٠١٩

ناوی کتێب: میوان

ناوی نووسەر: ستار شەشۆیی

بابەت: شیعر

دیزاین: کیکۆ دیزاین- 07702220060

چاپ: چاپی یەکەم

چاپ/چاپخانەی تەژنە

تیراژ: ٥٠٠ دانە

ساڵ و شوێنی چاپ: ٢٠١٩- سلێمانی

*ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان بۆ ساڵی ٢٠١٨ ژمارە (١٨٥٦) ی پێدراوە.

## ئەگەر ئەم بەرهەمە چێژوو بەهایەکی ئەدەبی هەبێت پێشکەش بێت بە:

گیانی ڕەوانی (حاجی محەمەد مام عەبدوڵا شەشۆیی) و سـەرجەم دۆست و ئاشنا و یاوەرانی رۆحیان شادو یادیان بەخێر.

*ئەو خانەوادەی، کەوانەی داداوم.

*ئەوماموٚستایانەی،کەوانەیان پێ وتووم و.. سەرجەم ماموٚستا نـەوە پـەروەرەکانی کوردسـتان، کـە بـەئاکاری پەسـەندو هەسـتێکی کوردانەوە ئەرکی پەروەردەو فێرکردنی زارۆکانیان لەئەستۆ گرتووە.

*ماموٚستای ماموٚستایان ئیبراهیم ئەمین باڵدار، کە شـیلەی ئـەلف و بێ ی کـوردی خسـتە سـەرلێوی منداڵـەکان و هـەمووومان قـەرزاری ئەوین.

### دیاری بێت بۆ:

*ئەو شەیداو ئەویندارانەی، کە بەها بەرزو جوانەکانی شیعر ئاوێتـەی هەناسـەیانەو سـیحری سـەمای شـیعر لەپەلکەزێڕینـەی خەیاڵـدا ئەخوێننەوەو لەسەر پەڕەی گوڵی ناو دڵە تەڕەکانا ئەینەخشێنن.

*ئەوکەسانەی، کە بۆ دۆزی ڕەوای گەلەکەیان بـەردەوام مانـدون و بەمردن نەبێت ناحەسێنەوە.

* بە کتێبخانەی کوردی.

# سوپاس و پێزانینی بێپایانم بۆ:

*************************

- ●کاك ئاسۆس ناتق
- ●کاك بابەکر درەیی
- ●شاعیر بەکر پشدەری، کە یەکەم کەس بوو پێش چاپ و بڵاوکردنەوە، دەرگای میوانداری لەم بەرهەمە کردەوە.

بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەو لەبەرگرتنەوەی ئەم بەرهەمە ..

پەیوەندی بەخاوەن کتێبەوە بکەن.

# نـــــــــاوەڕۆك

************************************************

کردنەوەی دەرگایەك.......................... ١٠

چەند وشەیەکی پڕوزاو...................... ١٧

ڕووەو ناو دێ.............................. ٢٦
چوارین.................................. ٢٧
لە سەرچنار............................... ٢٨
واوەیلایە بۆ لەیلایە......................... ٢٩
خەونێك لەخەودا......................... ٣٠
شەووەو.. وا............................. ٣٢
ئەی موسڵمان............................. ٣٤
ئەفسانەی کێوی قاف...................... ٣٦
ئیبراهیم ئاوای دەکات...................... ٣٧
بەهرەی وەریو.............................. ٣٨
لەم دیمەنە بێ سێبەرە........................ ٣٨
لەدیوانەم تێپەڕاند......................... ٣٩
پەیکەرێ لەنەرمە شووشە.................... ٤٠
من و شیعر................................ ٤١
بەندی زیندانی ئەوینم...................... ٤٢
لەنەبەدی .. بۆ ئەبەدی....................... ٤٣
یادتان بەخێر گۆڕ غەریبان.................... ٤٣
شەترەنج.................................. ٤٤
وەقفی عاشقان.............................. ٤٤
یار لەکاتی بەربانگ.......................... ٤٧
گەر دەتـزانی................................ ٤٨
یار حەیرانە................................. ٤٨

نەمزانی.................................. ٤٩
ریفراندۆم................................ ٤٩
بۆ یەڵدام نوری دەیجوری....................٥٠
بۆ حەزرەتی محەمەد ( د.خ )...................٥١
ناشێت....................................٥١
سوێندی عاشقانە...........................٥٣
بیرەوەری.................................٥٣
نیشتمان..................................٥٤
ئەی هەناسەی عەشق و جوانی..................٥٥
تیر مەخەرە کەوانت.........................٥٦
دەمی شەوێن...............................٥٦
بێداری و زەردەپەری چاوەڕوانی...............٥٧
لەکوێ میوان توێشووی پێیە...................٥٨
لاوە شوانی کارمامزم........................٦١
دوو عەشقی خنکاو...........................٦١
وەك هەورو باران دەستمان لێك بەردا............٦٢
سەرەتای یەکەم بینین........................٦٣
چوار وەرزەکان..............................٦٥
سوتان تاکەی...............................٦٨
بەناهەقی لەسەر هەقین........................٦٩
خەیاڵی من و خولیای پشیلەکەی باوەشت..........٧٠
دیاری و یادگاری.............................٧٠
بڵێم چی.. بەمن چی .. بەتۆچی..!...............٧١
شەو بسپێرین بە ئەستێرە.......................٧٢
خوا پێداوی خوانەناس........................٧٣
بەهارو باخ..................................٧٤
ژیان هەر بەشی ئەوەی کرد.....................٧٥
زەمین لەرزەکە...............................٧٦

شەوهات و پەروانە تۆرا............................٧٦
نیشتمان........................................٧٧
بەئەفسانەی چاوەکانت...............................٧٨
ناگەم بەتۆ.......................................٧٩
پەیکەری مەدالیایەك................................٨٠
شەوی یەڵدا.......................................٨١
شاجوانی ساڵی ٢٠١٧................................٨٢
سەرنشینی کەژاوەی تۆم .............................٨٤
سیحری جوانی.................................... ٨٤
خوایە بۆ فرمێسکی دیدەم............................ ٨٥
بەهەناسەم ئەسوتێم.................................٨٦
تۆ ئەو بەورەیت.....................................٨٧
باری دڵم.........................................٨٨
لەگەڵ بەهار پێکەنیم................................٨٨
گەر نازانی بابیزانی................................٨٩
دڵم بەشیعرێ سپارد................................٩٠
بۆتۆ ژیام بۆخۆم مردم..............................٩١
نەورۆزێکی دوکەلاوی...............................٩٢
لەخۆبایی.. واتێنەگەی!..............................٩٣
داڵی دڵم وانابینم نیشتمانێ کەلاکی بێ......................٩٤
چاوی دڵت داگیرسێنە...............................٩٥
لەشابسکی پەریزادێ................................٩٧
سوخمەی سەرسنگ و بەرۆك ..........................٩٧
کەی وانەبووی؟.....................................٩٨
بۆ راماویت؟......................................١٠٠
ئەم لەشکرە لەشەکرە...............................١٠١
ساباتی هەواری شیعرم..............................١٠٢
کاژێری عەشقم هێشتا چارەکە.........................١٠٣

لەهەر چاوێکی جوانا.............................. ١٠٤
پشکۆی لێوت جەرگی برژان........................... ١٠٦
لەسندوقی چاوی ڕەشیا.............................. ١٠٧
ئەی یار.......................................... ١٠٨
هاوڕێ بووین و هاوڕانەبووین......................... ١١٠
وردە عەرەقی ڕووی یار............................. ١١١
بارەوا بێ کاڵبوونەوەم.............................. ١١٣
هەستی برسیم..................................... ١١٤
بەه بەه.......................................... ١١٤
بەکەم مەگرە..................................... ١١٥
ئەگەر جارێ...................................... ١١٥
چوارینەو تابلۆ شیعرییەکان.......................... ١١٦
ئەگەر مێژوو بسڕیەوە.............................. ١٢٠
بەدەرکەوتنی دڵم ڕاچەنی........................... ١٢١
گەردن بڵند...................................... ١٢٢
ڤالانتاین........................................ ١٢٣
لەمەحشەرا کاتێ جەم بووین........................ ١٢٤
کەخوێنی ڕژا.. ئەشك وەری......................... ١٢٥
خەرمان بەرەکەت................................. ١٢٦
ژانی زیندان...................................... ١٢٧
نەك بۆ سێوێ بۆ لێوێ............................. ١٢٧
دڵم لاوانەوەی ئەوێت.............................. ١٢٨
شەیدام بەشێتم تێمەگە............................. ١٢٩
لەدیداری جوانێکا................................. ١٣٠
چاو خۆی نابینێ.................................. ١٣١
من و یارو گەمەی عەشق............................ ١٣٢
فەنەری ڕۆح و هەتاوی عەشق........................ ١٣٣

# کـــــــردنەوەی دەرگـــــــایەك

**************

ڕەشنووسی پەرتوکی شیعری میوانم بینی کەمێك لە بەرگەکەی ڕامـام و بـە خێرایـی چـاوەکانم کـردەوەو لەسـەرە خـۆم هـەر بـە هەنگاوی چاوەکانم دەستم کرد بە گەڕان بە نـاو گوڵزاری شیعری میوان و منیش خۆم لایان کردە میوان.

لە ڕاستیدا ئەوەی تا ئەمڕۆ لە دیوانی شاعیراندا نەمدەبینی لێرە بینیم، لە هێشوە ترێی شیعری جوان و فەنتازیای وشـەی نـاوازەو دارو بـەردی لێـرە ڕەوارو وشـەی کـوردی ڕەسـەن و کەوپـەرو شـەو پەری ڕۆمانسیانەی عەشق و سوتان. لـە دڵدارەوە بۆ دڵخوازو لـە هەناسەی هەڵقرچاوی چاوی نەهامەتیەکانی ڕۆژگار بۆ مرۆڤە ژیان دۆستەکان . . زانیم تـا زیـاتر لـە گەشت و پیاسـەکەم بـەردەوام بم، پـتر گـوڵی وشـەی ڕازاوەتـر دەبیـنم، کـە بـە تـەواوی مـنی میوانیـان سەرسـام کردبـوو . . بـە تایبـەتی لـە بۆتـەی ڕەوانبێژیـداو لـە قوڵبوونـەوە بـۆ نـاو دڵـی خۆشەویسـتی عارفانـەو تـا گەیشـتن بـە ئەڤینێکی جاویدانی لە ڕاگوزەرما پۆلێك وشەی هەناسـەی زینـدوو لە دەستپێکدا کاکە ستار شەشۆییان پێ ناساندم، کە دەیانوت : ( ئەوەی بە هەناسە ئەدوێ و بە هەناسە ئەسوتێت و ئەنوسێتەوە . . . من ئەوم ) .

ئـای کـە ئیلـهامێکی جوانـە، چـونکە هەناسـە واتـە ژیـان، کـە پێچـەوانەکەی مردنـە . . تاسـاندنە ئـەم پێنوسـە جوانـە. ئەوەنـدە سەربەرزو نەترس بە ژیان ئەدوێ . . . دەیەوێت هەموو شتێك بژی . . بەردەوام بوون پیادە دەکات لـە هـەمان کاتـدا، هـەر بـە ژیانیش ئەسوتێت و لە سوتانیشدا نامرێ .

دووبارەو سێ بارە شاعیر لە عەشقی جاویدانی خۆیدا بۆ دڵخوازەکەی دەسوتێت و بە سوتانیش سوتانێك پڕ لە ژیلەمۆی ژیانەوە دەنوسێ چەند ڕەوانبێژییەکی بالآیە باوەڕ نەبوون بە مردن لە سوچێکی ناو گوڵزارەکەدا . . . پۆلێك مەلی وشەی ڕەنگین پەیامێکی جوانیان بە نزایەکی پاکەوە لە توێی نامەیەکدا بە دەنوکیان هەڵگرتبوو، کە کردمەوە . . هاواریان کرد :

ئەگەر نەخشی ماچی لێوت

نەدەم لە سوخمەی سەر سێوت

نزاو پارانەوەو ڕۆژوم

دێنەوە سەر سفرەو شێوت

ئەم پۆلە مەلە وشەیە لە توێی پۆستەرە شیعرێکی جواندا بەناوی شاعیرەوە یارەکەیان ئاگادار دەکەنەوە، کە تۆ ناتوانی بەهەشتەکەی ڕۆژی جێژوانمان لە یاد بکەیت. ئەوە نییە وێنەی نەخشەی ماچی لێوتم گواستۆتەوە بۆ سەر سوخمەی سێوەکانت ، ئیتر ئەی یار چۆن دەتوانیت خۆت پەنهان کەی لەو جێژوانە، دواجار زۆر عارفانە دەڵێت : ئاخر نزاو پارانەوەو ڕۆژووەکانم هەموو سەر سفرەو خوان و بەربانگەکانت لێدەگرن تۆ لە ئازاری ویژدانت دەرباز نابی.

من لە گەشتەکەم هەر بەردەوام میوی وشەی جوانم دەبینی و داری شعری سەوزو گەڵاپانم دەبژاردو شیلەی وشەی کوردیی ناوازەم چێژیان پێ دەبەخشم . . ئای، کە وێنەیان چاو و دڵمیان زیاتر بۆ دیمەنی سەرسوڕهێنەریان کردبۆوە . . لە دڵی خۆمدا وتم . . ئافەرین سەدجار ئافەرین . . بۆ ئەو شاعیرە جوانە، کە نۆبەرەی

گوڵی شیعرەکانی ئەوەندە جیاواز بن. تاکو ئەمڕۆ کەسێکی وەك من لەو جۆرە گوڵانەی بەرچاو نەکەوتبن، ئەوە خۆی جیاوازییەکی زۆر پەسەندەو پێمان دەڵێت.

وێنەی جیاواز شیعری نەمر . . سوتانی جاویدانی . . عەشق بۆ ژیان . . فەنتازیا وشەی کوردی جوان داڕێژراو وەسف زمانی پاراو تایبەت بە هەست و نەستی خودی خۆی گەواهی دەری ستار شەشۆیین، کە ئەگەر زیاتر نەبێت هیچی کەمتر نیە لە هەندێك لە شاعیرانی پێش خۆی . . ئاخر وشەی شاعیربوون ئەرك و شەرەفێکی گەورەیە. هەر کەسێك ئەگەر هاتوو بەناو شیعری نوسی مەرج نیە شاعیر بێت. من لە شیعرێکی خۆمدا وتومە :

کە پلەی شەرەڤ شیعر
لەسەری نوسەرەکەیدا دەبێتە تاج
باوەڕ بکەن هەرچی شیعری تاجدارییەتی

بۆ شەرەڤ شاعیر بوونی بوونەتە باج

ئەم شیعرەم ڕێك کاڵا بە باڵای شاعیربوونی نوسەری (میوان)و هەموو شاعیرانی هاوشێوەیەتی .

بەڵێ ئازیزان هەتا زیاتر ڕۆدەچوومە ناو باخی پڕ لە مەبەستی . . پێنوسەکەی شەشۆیی زیاتر توشی ڕامان و شۆکی دەکردم. . کەوتمە ناو باقە گوڵێکی ترەوە بەناوی شاعیرەوە هاواریان دەکرد :

بۆ بۆن و بەرامەی جوانیت بەفیڕۆ چیٚ بە خۆڕایی
لە بازاڕی پێنەزانان هەراجی کەی هەرزان بایی

**هەژارانە لەگەڵ عەشقیٚ هێلانەی ئەڤینیٚ چێکە**
**تا کە پیر بووی تەنیا نەگری بۆ ڕابردووی لەخۆبایی**

لە ئاوێنەی پڕ لە مانای ئەم چوارینە جوانەیدا پێمان دەڵیٚ ئەوانەی کە لە جوانیدا سەرەتای لاوییان هەموو دونیا بە رویانا پێدەکەنیٚ پێویستە وشیار بن و بە خۆرایی و بە نەزانی بەرەوپیری پیری و مردن نەڕۆن ، جوانیەکەشی لەوەدایە شاعیر وتویەتی لەگەڵ عەشقیٚ نەك لەگەڵ عەشقم ، واتا ئەو خەمی جوانیەکانیەتی، ئەگەر بۆ خۆشی نەبێت با لەخۆبایی بوون وایان لێنەکات پاشان زمانی پەشیمانی بگەزن و بە بیٚ ئەوەی عەشقێك چێکەن سەربنێنەوە.

سەیرەکەو خۆشیەکەی شیعرەکانی ناو دیوانە قشتەکەی (میوان ) لەوەدان خوێنەران ناتوانن دەستبەرداریان بن، چونکە تا زیاتر درێژەم بە پیاسەکەم ئەدا زیاتر لەناو وێنەی جوان و حەسرەت و ژیانەوەدا خۆم دەبینیەوە . بەڕاستی ئەوە فەلسەفەیەکی شیعر ئامێزە، کە هاتونەتە بەرچاوم و ڕایان گرتووم .

**ئاهی سەردو فرمێسکی هەڵوەڕیم**

**بە کەم مەگرە ئەزیزم**

**تا پاییزی دورو تەڕ بیٚ**

**جوانتر دەبیٚ زەرد دەبیٚ**

ئەم پۆستەرە گوڵە شیعرەش ورەو نەمریمان پێدەبەخشێت ، پەیامێکە ڕێك لەگەڵ بەرەو پایزدا یەکانگیر دەبنەوە، ئاخر زۆر

ڕاستە بەهێ، کە لە پایزدا پێدەگات ، هەتا درەنگتر تەماشای بکەیت جوانترە، چونکە دەبێتە زەردە بەهێیەکی ئاڵتونی ، واتا ئاه و حەسرەتەکانی شاعیر بۆ هەمیشە چاو پڕ لە هیواو دڵ پڕ موراد ن.

خوێنەرانی بەڕێز من تێناگەم چۆن ئەم شاعیرە بە پشکۆکانی ناو ناخی دەروونی خۆی هەڵنەقرچاوە، بەڵام دیارە ئەو ئەوەندە سوتاوەو سوتاوە، تا گەیشتووە بە ترۆپکی خامۆش نەبوون، گەر وانیە بۆ دەڵێت :

ئامادەم وەکو ئادەم بەهەشت بۆ دونیا لادەم

نەك بۆ سێوێ بۆ لێوێ دونیاش بە دۆزەخ دادەم

سوتان و عەشق و تووڕە بوون و مەلی خەیاڵی فراوان ئامادەبوونی شاعیر گەیشتە هاوشانی ئادەم، کە لەسەر دەنکە گەنمێك لە بەهەشت وەدەر نرا بۆ دونیا، بەڵام لای ئەم شاعیرە ڕوونترە وە زۆر پەتیارانە بۆ عەشقەکەی لەپێناو شیلەی خۆشاوی لێوێکدا هەموو دونیا بدات بە دۆزەخدا.

خوێنەرانی هێژا . . شیعری تەواو تەنها شاعیری تەواو دەتوانێت بیان خولقێنێت و بیانهێنێتە بوون، کە خولقاشن بە هیچ ڕەشەباو زریان و تۆفان و لافاوێکی شلوێ لە بەین ناچن ، چونکە چاو و گوێ و زمان و دڵ و هەنگاو و خەیاڵ و وێنەو شعورو سەرو هەناسەیان هەیە، چاو بەو مانایەی لە دوورو نزیکەوە هەموو جوانی و ناشرینی و بەرکەوتەو لێکەوتەکان جیهانبینی دەکات بۆ ئەمڕۆ و سبەینێ و داهاتوو بینینی هەیە. بە گوێکانیان هەرچی ناخی مرۆڤایەتی و دەنگی باڵدارەکان و گیاندارەکانە دەیبیستن .

بە زمانیان وشەی پاراوی وشەی دایك دەپارێزن و بە شیرینی دەربڕین شیرین تریان دەکەن. بە دڵیان کۆگایەك بەرهەم دەهێنن بۆ ڕازاندنەوەو پاراستنی میتۆدو ستایل و چۆن وەرگرتنی وێنەکان وە پاراستنیان بە هەنگاوی خەیاڵەکانیان ڕێچکە دەبڕن و بەردەوام شوێن پێی نوێ بەجێدەهێڵن و کاڵنابنەوە . بە وێنەی شاز هەمیشە وشەکانیان ئاوێنە ئاسا رەنگ دەدەنەوەو چاوەکان دەکەنەوە هەست و نەست و هەناسەیان هەیە، هەمیشە زیندوون سەریان هەیە. هەموو شیعرێك سەر ناوێك و ناواخنێکی پڕ ماناو لوتکەیەکی تێڕمانی هەیە، من وایدەبینم ئەم وەسفانەی شیعر، کە بنەماکانی شیعری سەرکەوتوون بەرجەستە بووبن لەناخی شیعرەکانی شەشۆیدا ، ئیتر ئەگەر بە هەر ستایلێك یان شێوازێك لە قوتابخانەی کلاسیکەوە بۆ ڕیالیستی و ڕیالیزم و سوریالی و سومبلی، تا ڕوانگەی ئەمڕۆ لە دارشتندا ڕاڤەیان بۆ بکەین هەر زیندوون.

ئازیزانم . . من تەنها بە کاوەخۆ نەمتوانی سەرجەم وشەو دێڕەکانی کۆمەڵە شیعری (میوان) شرۆڤە بکەم، چونکە زۆر لەوە زیاتر هەڵدەگرن، بە ڕاستی بە جارو دوو جار تینوێتیت لێیان ناشکێت. ئەوان کانیاوی سازگارو زەنوێرو لوتکەی ماناو شاباڵی ڕەوشتی وێنای عەشق و بۆتەی سوتانی ئەڤین و گوڵجارو نێرگزەجاڕی بەردەوام بوون و مانەوەن، کە دڵنیام هەرگیز زەمەن کاریان لێناکات و بۆ هەتا هەتایە لەسەر لێوی عاشقان لەناو دڵیاندا ئامادەییان دەبێت و بڵێسەیەك نین بکوژێنەوە، من لە ڕانان و چاوتێرکردنی خۆم لە گولاڵەی گوڵزاری شیعرەکانی بەردەوام بووم ، بێ ئاگا لوتکەیەکی تر لە چیای شیعرەکانی ڕێگەیان پێ گرتم لێی نوسرابوو . .

**لە دەرگای گشت دڵێك ئەدەی**

**دەرگاش لە کەس ناکەیتەوە**

ئەو دەرگایە منی جوڵاند ، فرمێسکم ڕشت، کە تا ئەمڕۆ باخی گوڵی چەند دیوانە شیعری شاعیرانم هەڵابێژ کردوون وەك ئەوەی، کە هەمیشە خۆم بە خزمەتکاری وێژەی کوردی دەزانم . وتم ئەگەر وتەیەکیشم نەبێت بۆ خزمەت کردنی ئەم میوانە جوانەم ئەوا خۆم بە تاوانبار دەزانم . . بۆیە ئەم دەرگایەم لیٚ کردەوە.

**بەکر پشدەری**

**خزمەتکاری وێژەی کوردی**

**٢٠١٨/١١/١٠**

# چەند وشەیەکی پڕوزاو.. لەپەیڤێکی بزڕکاودا

******************

هەر نەتەوەیەك بەزمانی خۆی بیرنەكاتەوەو پەرە بەداهێنان نەدات.بەرەو پووكانەوە دەچێت و خۆری ژیاری ڕووەو ئاوابوونە.ڕۆژگار نەخشی كاڵ ئەكاتەوەو مێژوو ناسنامەی لێ وەرئەگرێتەوەو ئەبێتە بەشێك لەڕابردوو لەسەر شانۆی ژیان وەك نەتەوەیەك جووڵەو نواندنی نامێنێت.

شیعر لەڕواڵەتدا وشەو لەناوەڕۆكدا مانایە.. گوزارشت و هەڵوێستە.. وشە، كە وێنەی ناساندن و تێگەیشتنە بۆ شتەكان. بەدوای یەكدا ڕچەشكێن و دەست بەندی یەكترن بەڕیز لەگەڕێكی ڕێكخراو و ڕستەیەكی سپرینگیدا بەدەنگ و ئاوازو سۆزەوە دێنەگۆو گوزارشت ئەكەن.

مانا كە وێنەی جولاْوو ئەو دیمەنە كاریگەرەیە،كەشوێنەواری تۆمارەو هەڵوەستەو هەڵوێستی بەدوای دا دێت لای شاعیر یاخوێنەر یا گوێگر.

شیعر كۆن بێت یان نویْ.. ڕۆمانسی بێت یا ریالیزمی، یا بابەتیانەی ئەمڕۆ.. لەهەردەم و بۆ هەر سەردەمێك وترابێت هەر شیعرە.

گرنگ هێزی مانەوەو هونەری كاریگەری ئەو هەڵبەستەو پێكانی مەبەستەیە لای گوێدێرو ئەدەب دۆست و شەیداو ئەویندارانی شیعرو وەفادارانی زمانی شیرینی كوردی.سەرنجی شاعیر بۆ مەلی دەنگخۆش و نەخشینی شیعر هەر لەهێلكەو هێلكەدانەوە دەست پێدەكات تا

هێلانەو لانەو دواتر بۆ خولگەی ئارام و هەواری حەوانەوەو هاودەمی بەردەوامی.
شاعیر بەشیعری هاوچەرخ و پێش خۆی کاریگەر بێت ئاساییەو مافی خۆیەتی بەهرەمەند بێت.
وەك چۆن مێش هەنگ لەچەند کانی و سەرچاوەیەك ئاوبارەو لەچەند باخ و گوڵی جۆراوجۆر هەڵاڵە ئەگرێت و هەنگوین بەرهەم دەهێنێت.
بەلأم بەرماوەی شاعیران لەسمێڵ بدات و لاسایی و جوینەوەو چاولێکەری تاسەر کارێکی نادروستە.
ئەگەر وێژەو ئەدەب باخێك بێت، ئەوا شیعر هەڵاڵەو گوڵی درەختەکانییەتی،کە هەلگرتن و پاراستنی بەرو تۆو لەو گولأنەدا چەند گرنگە وشەش لەشیعردا وایە.
لەهەر نیشتمانێکدا شیعر درەختێکە ، رەگەکانی بەخاکی مێژوودا رۆچووەو بەئاوی گۆڕانکارییەکان پاراو ئەبێت و بەبای باوی خو و نەریتی ئەو کۆمەڵگایە هەناسە ئەدات و ئەشەکێتەوەو گەشە ئەکات.
باخەوانەکەش شاعیرەکەیە، کەتاچەند کارامەو تاچەند بەختەوەرو دەست ڕەنگینە.
شیعری پێگەیشتوو چڵە نەمامێکی سەوزو ئاوداره بەهەست و سۆز ئەشەکێتەوەو گوڵێکی گەشاوەی رۆمانسی و سێبەرێکی فێنکی ئەفسووناوی و بەرێکی فەلسەفی بەپێزو چێژی هەیە.
لای من شیعر بەتاڵکردنەوەی هەورێکی ژانگرتووی ناوسینەی شاعیرە بەگڕوو گریانەوە.. بەبروسکەو بارانەوە.

سەداو دەنگدانەوەی سروشت و ژیانە لەبەریەك كەوتە كۆمەلاَیەتییەكان بۆ فەراهەمبوونی مافە رەواكانی تاك لەناو نادادییەكانی كۆمەلگادا.

توانەوەی ژیانە تا هەلپڕوكانی رۆح. ئاوێتەبوونە بەئەشكەنجەی ویژدان.. گۆڕەوشاری گیان.. گوشاری دلّ و گوشینی دەروون.. تاسووتانی خوێن و سپی بوونی چاوو وەستانی ئاوو ساردبوونەوەی هەتاو، ڕەوینەوەی لەرینەوەی باهۆزی شەپۆلەكان و ڕامكردنی خەون و خولیای ماسییە مرواریییەكان. دواتر چەكەرەكردنی عەشق و دەركەوتنی و راسانی چوزەری نۆبەرەی وەرزی نوێی ژیانەوەیە بەهەژانی گیان و وروژانی خولیاو دەركەوتنی ئاسۆی خەونەكان.

شیعر سروش و ئیلهامێكی پەنهانە بۆسەر تەنیایی شاعیر، كە كارلەهەست و سۆزی ئەكات و هزری ئاڕاستە ئەكات بەرەو خۆناسین و خاكیبوون و زیاتر هاوسۆزی و ئاشنابوون بەژیان و هاودەمی و ئاشتبوونەوە لەگەلّ سرووشت.

شیعر ئەمانەتە لای شاعیر وئەبێت وەك پەیامێك ئاڕاستەی بكات. شیعرێك لەرەی شەپۆلەكانی گۆمی حەز تێپەڕێنێت بەرەو گۆلی قوولّی خۆشەویستی و لەوێشەوە بەرەودەریای بەرینی عەشق و ئەوین.

شیعرێ هەست و ئیستاتیكی هەژێنەری بەرچاو ترو كاراتربێ لەخولیای وروژێنەر. شیعرێك مانایەكی داپۆشراوی تیابێت، كە بەدیوە دیارەكانی كۆدی لایەنە شاراوەكانی بكاتەوە.

وەك وەفایەك بۆ پەری شیعر، كەسەردەمانێك هیچ كام لەم هۆكارانەی گواستنەوەو گەیاندن و فێركردن و كرانەوەو هاوكارییە نەبوون،كەسانێكی وەك نالی و مەحوی و مەولەوی.. لەم ولاَتەی

کوردەواریەدا هەڵکەوتوون،کەتا ئێستاش تام و چێژو بۆن و بەرامەی بنکرِی دەفرو خوانیانن، کە لەهەندێ هەڵبەستی پەرِاگەندەی کۆکراوەیان لێرەو لەوێ هەست پێ ئەکەین و چاومان رۆشن ئەکەنەوە.نەشئەبەخش و توێشووی گەشی ئایندەی شیعرمانن و هیچیان لە کەڵە شاعیرەکانی نەتەوەکانی تری هاوسەردەمیان کەمتر نەبووە.گرِوگاڵێکی شیعریش لای ئێمەومانان ئەبزوێنن.. ئەم نامیلکەیە پێشکەشە.

بەداخەوە تائەمرِۆشی لەگەڵا بێت دوای تێپەرِبوونی زیاتر لەچارەکە سەدەیەك لەحوکمرِانی کوردی لەم هەرێمەدا بەهای ئەوەی،کە بەمیرات مابۆوە لەدەستماندازۆر بەنرختربوو لە بایەخی ئەوەی بەدەستمان هێنا لەزۆر رووی کاریگەرەوە ئەو خەرجییە زۆرو نارەوایەی، کە بەهەدەر درا بۆ رێکخراوە بەناو مەدەنی و کلتوری و فەرهەنگی و.. کە نەك گرفتەکانیان لەبارنەبرد، بەڵکو بوونە هۆی ئاڵۆزکردنی کێشەکان و تەونی کۆمەڵایەتییان لەبەر یەك هەڵوەشاندەوە هەر لەخێزانەوە تا کۆمەڵگە..یان هاوکاری و هاندانی دەزگا راگەیاندنەکان و بنکە رۆژنامەوانییەکانی سێبەر، کە زۆربەیان کاری چەواشەکاری و بێمتمانەیی بلاُوئەکەنەوە بەشێوەیەك، کە پیرۆزییان بۆ هیچ شتێك نەهێشتۆتەوەو هەوڵی سرِینەوەی هەموو بەها جوانەکانی نەتەوەیەك ئەدەن، هەر لەجوامێری و شۆرِش و مێژوو نەتەوەو خاك و زمان و شەهیدو سەرکردە. مەگەر بۆ مەزەی بانگەشەو مەزادو موزایەدەی بازارِی سیاسی نەبێت.

ئەگەر بەراورد بە دوو پیر یان دوو گەنج یادوو نەوجوان بکەین لەنێوان ئیستاو رِابردوویان دەرئەکەوێت، کەتاچەند کارکراوە بۆ

لاوازکردن و کاڵبوونەوەی هەستی نەتەوایەتی و نیشتیمان پەروەری و ئەدەب دۆستی.

ئەفسووس پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن ئەوەیە، ئەگەر وەك گەنجە گەوجێنراوەکان بێباك و تەبەعی و شوێنکەوتەیان بیت، ئەوا دیاریت و هاوکاری و دەستخۆشیت ئەکەن، بەلاّم ئەگەر چەندێ پاك و زیرەك و دڵسۆزو خاوەن بەهرە بیت و خۆبەخشانە خزمەت بەڕاژەی وێژەی گەلەکەت بکەیت. هەروەها خاوەن تێبینی و رەخنەو هەڵوێست بی و ناروونی و نارەواییەکانت پێ قبوڵ نەکرا، ئەوا خراپ پەراوێز ئەخرێیت و سزای مەعنەویشت هەیە.

لەم ولاّتە بێسەرەوبەری وپاشاگەردانییەدا، نارژێمی بەجۆرێکە، کە رەگی گەڕی و گوڵی و گەندەڵی لەناو بەرەی ئۆپۆزسێون و نارازیدا ریشەی داکوتاوەو لەبەرەی دەسەلاّتدا گوڵی گرتووە.

لەکاتێکا شانازی کردن بەنەژادو زمان و نەتەوەو زێدو مێژوو، ئەفراندن بەبەهرەکان ئەکات و قۆناغێکی گرنگ و وەرچەرخان بۆ ئایندەیەکی باشتر فەراهەم ئەکات.

سەیری عەرەب پێش هاتنی ئیسلام لەچەند خێڵێکی سەرەتایی و ژینگەیەکی دواکەوتووی پەراوێزخراودا بوون و هیچ پێشینەیەکی ژیارو شارستانیان نەبووەو هیچ پاشخانێکی فکری و فەلسەفیانەی گرنگیان نەبووە، بەلاّم بەهۆی دەمارگیری و سووربوون و پێداگری شیلگیرانەیان لەسەر پاراستن و بەگرنگ زانینی نەژادو زمان و خوڵقەتی باوباپیرانیان هەرلەنمایشکردن و رانانی هەڵبەست و پەندو ئاخاوتنە دانسقەکانیان لەبازاڕی عوکازو هەڵواسینیان بەدیواری کەعبەدا بۆ زیاتر کاریگەری لەهزری نەوەکانیان لەڕووی رەوانبێژی و

هونەری ماناو زمانەوانی وداهێناناداو زیاتر ئاوێتەبوون و ڕۆچوون و قاڵبوونەوە لەزمانەکەیاندا، بەجۆرێك ، کە وەك بت لەناو خوێنیاندا دەیانپەرست.. وای لەم زمانە کرد ببێتە زمانی (ئیلاهی و موخاتەبەی بەشەریەتی) پێ بکرێت. ببێتە زمانی قورئان و نووسینەوەی شەریعەتی ئیسلام، کە نەتەوەکانی تری دەوروبەر بەناچاری و بەشانازییەوە فێرخوازی بن و خزمەتی ئەم زمانە بکەن، بەجۆرێك ئەگەر لەجیهاندا لەناو سەدان زمانی زیندوو کەمتر لەپەنجەکانی دەستێك زمان بمێنێتەوە، ئەوا یەکێکیان عەرەبی ئەبێت، کە زمانی سکالاو نزاو باوەڕی زیاتر لەملیارێك مرۆڤە.

ئەوە باوەڕبەخۆبوون و شانازی و وابەستەبوون بەزمانی نەتەوەیی ئەو مافەی پێ بەخشین، کەشایستەیان بوو و نەتەوە خاوەن شارستانییە شکۆدارەکانی فارس و ڕۆم ببنە پاشکۆیان.

لەم سەردەمەی بەناو جیهانیبوونە، کە جیهانگیرییەو شەپۆلەکانی لەولاتانی بێگانەوە بەرەو ڕوومان دێن و ئێمەش ئەڕۆین بەرەو پیرییەوە. بەلێشاوی پیشەسازی و تەکنەلۆژیای ئەلیکترۆنی و بازرگانی بێسنوورو داهێنانی سەیرو سەمەرەو دەزگای ئالۆزو زەبەللاحی راگەیاندن و بنکەی بانگەشە چەواشەکاری و فێڵ و پاوانخوازییە ئابوورییەکانیان.

گەلە ژێردەستەکان و نەتەوە بێقەوارەکان بەرەو توانەوە ئەبەن، هەربەخۆیان خۆیان ناچار بەو سەرەنجامە ئەکەن و پەلکێشیان ئەکەن، بەوەی ، کەسامانی سروشتی و مرۆییان بەویستی خۆیان زەوت ئەکەن و ولاتەکەیان ئەکەنە بازاڕو سەرای ساغکردنەوەی کالا بێ کەڵك و ناکوالیتیەکانیان و کۆمەلگەش لەخەڵکێکی بەرهەم هێنەوە ئەکەنە

عامێکی بەکاربەر. بەهۆی نووسینگەو پاشکۆکانیانەوە ڕەواجی زمانی ڕەسەنی نەتەوەیی ناهێڵن. وەك ئێستە لەسایەی حوکمی خۆجێیەوە مەلاین خەرج ئەکرێت، تا منالآن فێرە زمان و فەرهەنگی بێگانە ببن. لەکاتێکا ئەلف و بێی کوردی هەقی خۆی پێنادرێت و پەراوێز ئەخرێت.

لەناو ئەو هەموو کێشمەکێش و هاوکێشە ئالۆزەدا تەنیا زمانەکەمانە، کەوەك ناسنامەیەکی نەتەوەیی بەدەستمانەوە مابێتەوەو پێویستە پارێزگاری لێبکەین و دەوڵەمەندی بکەین. کەسانی زۆر شارەزاو دڵسۆزو بەئەزموون و بەئاگامان هەن لەبواری وەرگێڕانا فەرهەنگی زانستی و وێژەیی و فەلسەفی و مێژووی و پەروەردەیی گەلان بگۆڕنە سەر زمانی کوردی، تا ئێمە دڵنیا بین، کە بۆ ئەم گەلە ستەمدیدە تەنیا ناسنامەیەك مابێتەوە زمانەکەیەتی و ئێمەش، کەخۆمان گوێ لەخۆمان نەگرین. بەدڵنیاییەوە کەس گوێمان لێ ناگرێت و پەرتەوازەیی و دوورە پەرێزیمان زیاتر پەراوێزمان ئەخات.

شیعر ئەبێ ستاتیکی هەژێنەری بەرچاوتر بێ نەك غەریزەی وروژێنەر، چونکە دەقی شیعری چەمکێکی زانستی وشك نییە لەچوارچێوەیەکی سنووردارا وەك کارلێکێکی دووبڕی جەبری یا هاوکێشەیەکی کیمیایی.لەزانستدا دەماغ و سیمە دەمارەکان چەقن، بەڵام لەشیعرا دڵ و دەروون لەهەستەوەرەکاندا لەگەڵ عەقڵدا بەیەك دەگەنەوە.

شیعر زیاتر فەنتازیای خەیاڵ و باڵی هەست و سۆز سەرزەوینی داگیر ئەکات و ئاسمانی بۆ پەی تەی ئەکات.

مەلی شیعر بەپەڕوباڵە ڕەنگاوڕەنگەکەی .. بووکی شیعر بەزریوەی خشڵ و تارا ئەرخەوانییەکەی نمایش ئەکرێن.
شیعر وەسفە ئارایشە رازاندنەوەیە.. رووتکردنەوە لەشیعردا نییە. واتە وەسفە لەڕواڵەتەوە دەست پێ ئەکات و ئەوەندەی بڕبکات شۆڕ ئەبێتەوە بۆ ناوەوە پێچەوانەی زانستە، کە لە ناوەڕۆکەوە بەرەو رووکەش دێت. واتە لەچەق ئەدات و لەدەرەوە رەنگ ئەداتەوەو لەروودا ئەلەرێتەوە.
شیعر دووبارە شکانەوەی دەستە شکاوەکانە، کە هەڵبەستراون و چەوت و خراپ گرتوویانەتەوە، بەلاَم وەستایانە نەك ئەندازیاریانە. کولانەوەی زامەکانە.. حەکیمانە نەك دکتۆرانە.
شیعر ئەو کەروێشکە بەفرینەیە، کەلەسێبەری فەلسەفەدا گەمەو قەڵەمبازە ئەکات، تا تیشکی هەتاوی زانست نەیتوێنێتەوە.هەر کەتاریکی شەو هات پەنا بۆ شوێنە پەنهانەکان ئەبات.. لەچریسکەی چراوگی چۆڕاوگەکانی قوژبنی ناو ئەشکەوتەکان سەرنجی تریفەی ئەستێرەکان ئەدات و زمانی خواست و نزاو دروودی ئاینی ئەپڕژێت و خەوێکی ئەفسانەیی ئەیباتەوە.هەر کەدونیا رووناك بۆوە دێتە دەرەوەو لەگەڵ خۆردا ئەکەوێتە چاوشارکێ و لەگەڵ سێبەرەکەی خۆیدا دەست ئەکاتەوە بەمەشق و پەراوەو لاسایی کردنەوە. چونکە شیعر ئەو مافە بەخۆی رەوا ئەبینێ، کە ئەبێ بمێنێتەوەو پێناسەی خۆی بپارێزێت بەوئازادی و ترس و تایبەتی و رەهاییەی خۆیەوە، کە هەیەتی.
لەم کۆمەڵە شیعرە لەت و پەتەدا، کەکەمتر خۆماندوو کردنیان پێوە دیارە . هەوڵدراوە لەهەر هەڵبەستێکدا .. یاجوڵەی وێنەیەکی نەبینراو

یاواتایەکی شاراوەو نەزانراو یاوشە ئارایيەکی نەبیستراو و یانەوتراو. چاوی بپشکوێ و هەناسە بدات.

ئومێدمە وەك رێبوارێك یائاشنایەك ببێتە میوانی هەر ماڵباتێکی کوردەواری و وچانێك بدات و لەئامێزی پڕ سۆزی دۆستاندا مۆمێکی بۆ دابگیرسێت و سەرخەویێك بشکێنێت.

جا هەر کەس لێکۆڵینەوەی زانستیانەو رەخنەی بنیاتنەرانە بگرێت لەسۆنگەی وەفاداری و بەرپرسیارێتی لەئاست وێژەو زمانی کوردیدا..ئەز غولامی گەردن کەچم.. بەندە بە سنگێکی فراوان و گیانێکی خاکیانەوە بەستایش و شانازییەوە پێشوازی ئەکات.

وەلێ شیعرە نیشتیمانی و نەتەوەیی و داشۆرین و پیاهەڵدانە کۆمەڵایەتییەکان، کە بەژمارە کەمترن، بەلام بەهێزترو ئاستیان بەرزترەو خواستیان لەسەر زیاترە.. بابمێنن بۆ بەرگێکی تر ئەگەر .....

لەگەڵ ئەوپەڕی سۆزو حورمەتم

ستار شەشۆیی

٢٠١٨/٧/١

ژمارەی مۆبایل:

٠٧٧١٩٩٣٧٢٣٦

٠٧٧٠١٤٩٦٥٠٢

# ڕووەو ناو دێ

لەسەر هەورازە کووڕەکەی گردە کەساس
روو لەناو دێ.. ئەوافێنکی ئێوارەیەو هەڵتروشکاوم
سەیر ئەکەم.. ئاسمان ساماڵە وەکو دەریای شینی بەرین
کۆلارەی منالەکان بلند بلند لەبەرزایی بەحەواوە دێن و دەچن
وەکو ماسی بن سك نەخشین .. کللك ڕەنگین.
مەلە ئەکەن لەو ناوەندە ڕوونەی بینین
رووبارەکە زۆر بەمەندی خۆ ئەخزێنێ..
وەك تێر نەبێ لەدیمەنێ، کە ڕووی گەشی خۆی ئەبینێ
یا نهێنی سروشتی خۆی بەگوێی مراویەکان بچرپێنێ
وا تاریکی.. وەك تەمێکی هەست پێنەکراو خۆ ئەنوێنێ
ڕەنگی گولان.. دەنگی مەلان لەناخی خۆیا ئەنوێنێ
لەم کاتەداو لەم دیمەنە.. ئەوەی خەیاڵ ڕووی نەداتێ
هەر مردنە..
هەرچەند داوی هەناسەکەم.. چۆنی بادەم .. چۆنی هەڵکەم..
بەرەو مردنێکی ونە..

**سورە قەلأت**

**١٩٨٣**

# چوارین

کەشەماڵ عەتری لەگوڵشەن پژاند

دڵ و دەماخی بولبولی هەژاند

خونچە بەخەندە و گوڵ بەپێکەنین

نەمام بەلەنجە  سەرچڵی لەرزاند

********

ئازیز دەرکەوە واپاش بارانە

دەرو دەشت ڕوون و ڕازاوەو جوانە

لەگەشی چاوت لەتەڕی دڵم

پەلکەزێڕینە تارای کەژانە

********

لەکانگای دڵم چەپکێ وەنەوشە

تێکەڵ بەوبۆنەی کەلای تۆ خۆشە

نوخشەی بەهارو نۆبەرەی دلأن

لەگەڵ بۆی گولأن بەتۆ پێشکەشە

سورەقەلأت

١٩٨٤

# لە سەرچنار

بڵقێ رۆشن و زولاڵ
هەڵئەقوڵێ وەك زیوی قاڵ
ئەڵێی گەرووی شاعیرە
ئەکا گمەو گڕوگاڵ

باخی سەرو و سنەوبەر
دایپۆشیوە دەشت و دەر
هەوری سەوزن لەئاوا
سێبەریان دەکشێتە سەر

لەو دڵە پڕ لەخوێنە
شیعرێکم بۆ وەخوێنە
وەك حەکیمێکی دڵنەرم
کۆنە برینم وەکولێنە

هەر رێبوارەو ڕێگایەك
هەر سەرچاوەو جۆگایەك
بەڵام کەف و کوڵی دڵ
پەرشە بەهەموو لایەك

١٩٨٤

# واوەیلایە بۆ لەیلایە

دڵی من وەك پوشوو وایە
تانەسوتێ بۆسۆی نایە
هەموو شەوێ بەلای لایە
واوەیلایە بۆ لەیلایە
دەك کوێرایی دایەن دایە
کەبۆی کردووی لایە لایە
لەشیرا سۆزی نەدایە
بۆیە نەبویتە لەیلایە
بۆو مەجنونەی لەوەیلایە
کارو پیشەی واوەیلایە
ئایا لەڕاستیدا وایە ؟
یاهەر ئەو وێنەیەت لایە !
یاخۆ ئاوێنەکەی دڵت
چرزیوەو هەلا هەلایە

سورەقەڵآت/ سلێمانی

١٩٨٦

# خەونێک لەخەودا

لەخەوما خەونێکم بینی.. پاش دوو هەستان ماوە تینی
لەبارێکی بناری شار.. لەناو باخی سێوو هەنار
بەتیلەی خەیاڵ ئەمڕوانی.. بۆناو ڕەوشی سلێمانی
شاعیرەکان وەك شایەران.. بوونە چاوەشی کچی جوان
بارگەیبووکی ڕەدوو کەوتوو .. بۆیان بۆتە رووگەو ژوان
دکتۆرەکان بێ دەوا بوون.. دەستیان دایە نوشتە کردن
مامۆستاکان وەك مووچەخۆر.. ئەرك و کاتیان بەسەربردن
پەککەوتەو لاکەوتەو بێکار .. خەستەن لەبازاڕی هەژار
دەردی نەزانی و نەبوونی.. هێندە زۆرن ناکرێن بژار
گرانی یا قاتی و قڕان .. وشکەساڵی و باران بڕان
شەڕی ناوخۆو فران فڕان .. قرمەی خستە باب و کوڕان
زۆر کیژو لاو لێك دابڕان .. جوان و دزێو بەیەك بڕان
باخچەی ژیان هێندە ژاکا.. شەماڵ گەلاو گوڵی وەران
بازاڕ بەرەڵاو راوە دینارە .. حیلەی فرۆشیار مەکری کڕیارە
وەفاو متمانە مەلی ناو دەستە.. وەك رانی جەنگەڵ شوانی پێویستە
شەیتانی بەدفەڕ لەو ناوە زاوە.. فەرتەنەی بووك و خەسووی گێڕاوە
سۆزی پەیوەندی خێزان و خزمان.. تینی کزبووە وەك چرای دزان
پیران کەنەفتن بەنامرادی .. حاکم دادیەتی لەدەست بێدادی

پەروەردەی نەفسە بەنەوس و هەوەس.. خەڵك  بە هەڵپە كەوتە

تەشەبوس

وەك هەوری هەنجیر سایەی خۆپەرست.. سیسی كرد خونچەی

هەڵبەستی نەورەس

وەك قورئانی سینەی حافز

لەدەم و دوویەكی دیار .. بۆ مەڵبەندێكی نادیار

هەڵچووم و مەحف بووم

وەك مارێكی ژنان كوشتوو.. نیوە ماو و نیوە مردوو

لەسوێی سۆزی بەهاری ڕووت

وەكو بەفری پار چوومەوە

لەگۆڕەپانی نەهاوەند.. بەبەرزی قەدی دەماوەند

بۆ دادگای عەرشی خوداوەند.. ئەو ڕۆژەی كرایە زەماوەند

كە غەنیمەت بەشرایەوە..مێژوو لەنوێ نووسرایەوە

پەردەی شانۆ پێچرایەوە

بێلایەنگرو پشتیوان .. بێ پارێزەرو نیشتیمان

بۆمافی ڕەوای گشتمان.. سەرلەنوێ تێهەڵچوومەوە

١٩٨٨

# شەوەو.. وا

شەوەو وائەستێرە زەردەکەی خەم..لەسوێی ئاسمانی سەر ئەزمڕ
وەك پایزێکی پڕماتەم.. بەم دیوا شۆڕ ئەبێتەوە
کز ئەڕوانێ و ئەتوێتەوە.. ئەتوێتەوەو نابڕێتەوە
ناوەندی ئاسمانی سەرشار..بەرین و قووڵ روون و ساماڵ
چێنراو بەچاوە ئەستێرە .... ئەنەخشێنن تەمەنی ساڵ
مانگ خۆی تەنی و پێچایەوە.. خەرمانەی شەوقی دایەوە
چەند بێ پەرواو روو ئاوێنە لەودیو پەردەوە خۆی نوان
ئەڵێی تاوێك هێلکەو ڕۆنە لەچاوی کاروان چییەکان
ئەی مانگی جوان .. بووکی شەوان .. کەشتی گەشتی شەوبێداران..
ئەی بیلبیلەی چاوی ئاسمان
ئایا روو زەردی شەوانت هۆی هەڵوێستی ڕەنگ پەڕیوی سپی و کپی
رۆژانێکن، کە کوردکوژو ئەنفالچیان .. وچان وچان بەهەوای شان
لەکوردستان مەرگیان ئەچاند
ئەی بەهاری بێباران و داهێزاو و بێ گوزەران
ئەی وەرزە سەوزەکەی ژیان
چاك دەزانی چێژی عەشقم.. بۆتە تامی خوێ و بۆنی نان
ئەی میوانە درەنگ وادەکە بوخچەی جوانی و فێنکێت تێك ناو.. زوو
ڕەشماڵە رازاوەکەت پووکایەوە

لەبەختی من یا بێنازی منالەئاوارەکانە.. کە خونچەکان وازوو دەمیان نوقایەوە

کاکە شان ئەی پەلکەزێڕینەی شەوم.. هۆ مەشخەڵی خۆڵەمێشی شارە سووتاوەکەی خەوم

ئەوەی بە هەناسە ئەدوێ و بەهەناسە ئەسووتێت و ئەنووسێتەوە من ئەوم

١٩٨٨

# ئەی موسڵمان

ئەی موسڵمان بەدینی خوا.. گەر هەق بڵێی کافر نابی
لەدەوری دڵەی چەق بەستووت.. ڕابی.. دیدار ئاخر نابی
هێندە تاووتوی دەروونت.. هەڵئەپەستێرێت لەدڵان
خەیاڵت ئاسوودە نییە و .. بیرت پەی نابا بەچڵان
هێندە رامای لەگونبەدی کوورەی ئەبەدی و ئەزەلی
لەتەونی بەرماڵی وەهمی و ورێنەی تەقڵەی تەوەککەلی
قووڵ بوویتەوەو.. قاڵبوویتەوەو.. کاڵ بوویتەوە..
کەوتییەوە سەر ساجی عەلی

ئەو یەزدانەی لەحەواوە
زەوی وئاسمانی ڕۆناوە
هەق و دادوەری داناوە
ژیری و جوانی بەربڵاوە ..بەشی ئێمەشی لێداوە
هەندێکی لای تۆ گڵاوە
هەندێکی بۆمن گوڵاوە
بەڵام ئەو خەیاڵەت خاوە
ئەوەی کە سەر سەرت ناوە
عەگالە نەوەك کڵاوە

ئەوەی سکی بۆ هەڵئەگوشی .. پلاۆێکە نەکولاۆە
ئەو کەسە مەردی تەواوە .. ئاکاری پەسند کراوە
بەهەڵوێستی نەتەوەیی..هەستی ئادەمی ئاودراوە
لەگڵێنجانی نیشتمان قوڕی ئینجانەی شێلاوە

١٩٩١

# ئەفسانەی کێوی قاف

لات هاتووم و بۆلات هاتووم.. بۆلای بتی لات نەهاتووم.. ڕووم وەرگرە..
وامەرقەدی خۆشەویستیم.. بۆناو قەددی تۆ ئەهێنم .. لێم وەرگرە
لەپەنجەرەی چاوەکانتا دەرگای دڵت پاشکۆڵ مەکە باوالآبێ
جوانووی حەزت لەودیووەوە ئەحیلێنێ و سمکۆڵ ئەکا بەڕەلآبێ
تریفەی مانگی بن بنار.. عەشقت چۆمەو خەمم چنار
دێمە هەوارت بۆ دیدار.. دەگرم کەنارێکی دیار
درووديێك بەشەوقی ڕۆحم بە زایەڵەی شیعری هوتاف
بەرەو هەوارت بۆ تەواف.. گەردن کێلی نیگا تەناف
خاڵی لێوو خەندەی چاوت.. بوونە ئەفسانەی کێوی قاف
ئەوە تۆیت و ئەمەش منم.. رێبوارێکی رێگە ونم
لەسێبەرم بەجێماوم..قەیسیی لەیلێ لێ رەنجاوم
بۆخۆم ژیام بۆتۆ ماوم.. لەعەشقی تۆدا پێناوم

سەرکەپکان – ٢٠٠٠-٢٠٠١

# ئیبراهیم ئاوای دەكات و ئەبرەهەش ئاوا دەكات

لەو رۆژەوە دڵم وێڵە هەتاوی عەشقی لێهەڵاَت
وەك منالَی شەوی جەژن بست بەبست بالاَ ئەكات
ئەی خانەخوێی مالَی دڵم میوانت روو لەكوێ كات
تۆڕی هەناوم هەڵوەرێت جەستەم بۆ كوێ ڕێ ئەكات
وەیشمەی بەفری ناوادە ئاسمان گوێی خۆی لێ كپ دەكات
كەعبەی دڵ كەتەدارەكی جەژنی هاتنت ئەكات
ئیبراهیم ئاوای دەكات و ئەبرەهەش ئاوا دەكات

٢٠٠٧

# بەهرەی وەریو

بەهای بەهرەی خۆشەویستیم شوێنەواری شێوێنراوە
کەوڵی شەوارەی شاعیریم بەخۆڵی تەڕ هەڵاخناوە
بەئاو هات و بەبا رۆیی ئەو دەمەیناوی جوانی بوو
گڕوویەکی بەئازارەو کۆرپەی گریان خنکێنراوە

٢٠٠٠- شارباژێڕ

# لەم دیمەنە بێ سێبەرە

کاتێ نیگات ئەم خەوێنێ .. خەندەت خەوم پێئەبینێ
لەگوڵشەنی بەهاری ڕووت.. هەنگ هەلاڵەی هەڵبەست دێنێ
لەورشەی پەرچەم و خاڵت.. لەکەناری لێوی ئاڵت
کەناری دڵ هەڵکورماوە بۆ خوناوکەی باخچەی کاڵت
لەم دنیا بێسەرەو بەرە.. لەم دیمەنە بێ سێبەرە
گیان شەیدایەکی شەهیدەو.. ماڵ بەماڵ و شاربەدەرە
بەکڵۆڵی و کولەمەرگی و کۆڵەواری.. لەناو زێدی کوردەواری
دڵ ئەخوسێ.. چاو ئەنووسێ .. دەست ئەنوسێ بەبێداری .. یادگاری
وەك دیاری .. لەبۆ یاری نادیاری

٢٠٠٧

# لەدێوانەم تێپەڕاند

پاشکۆی هەوری بیابان بوون لەسەر ئاسمانی خوراسان
فیکەی چەتەی ناوەخت بوون سەگی پاسەوانی تاسان
مەرگی پەپولەی شادی بوون فڕی و نەوی سوك و ئاسان
لەڕەزبەری وەرزی وادە خرت و باڕی دلتان خەسان
بۆ تیغی دەستی نامەردان بوونە چەورەی سەربەردەسان
بەبەندو باوی هاوردە شار بەدێتان کرد هەراسان
بۆچ ئەبلەقبوون واحەپەسان.. دارو بەردبوون چی بوو ڕاسان؟
ئاه یارم دەرکەوت دیسان..!
بەچەخماخەی چەرخی بیرم ..چرای دڵم بۆ داگیرسان
ئەگەر نەخشی ماچی لێوت.. نەدەم لەسوخمەی سەرسێوت
نزاو پاڕانەوەو رۆژووم.. دێتەوە سەر سفرەو شێوت
دەمم وشکەو دڵم تینوو.. دەمت کانی.. تەنیابزەیەك شکانی
چییە سیحری کاڵای باڵات.. پەخش ئەکات لەرەی جوانی !؟
کاشکێ دەمە نوقڵەکەت.. بێتە نوقڵی ناودەمم !
ڕەشماری زوڵفی خاوت. گێسووی رەشماڵی خەمم
شەوقی عەشقی تۆ لێیدام.. وێڵی دەشتی عەدەمم
سایەی عەرشی جوانیتم.. ئەگەر زۆر ئەگەر کەمم
لەدێوانەم تێپەڕاند.. من مەمم خاتوو شەمم

٢٠٠٧

# پەیکەریٚ لەنەرمە شووشە

پەیکەریٚ لەنەرمە شووشە هێندە هەوری ئاهم مەگوشە
دوو دڵۆپ گریەی ناوەختە بەبیٚ وشە
لەسەر پەلك و پەڕی شەوبۆو بەڕووی گەردنی وەنەوشە
لەهەر کویٚ بی لەبەردەمی هەناسەمی
لەبێدەنگی و تێڕامانما پێناسەمی
بەرەو هەر لایەك مل ئەنێم.. تاسەی سەر ڕێی ئەم باسەمی
دەستت بێنەو پەنجەت دانیٚ لەسەر سنگم هێڵکاری دڵم بۆ بگرە
کلیکێك لەسەر عەقڵت کەو گویٚ لەترپەی دڵم بگرە
نەست راگرە و هەست وەرگرە بەراوردکە چی رووئەدا
وشەی خوێنی رچەبەستوو.. بەقەڵبەزەی رستەی هەڵچوو
وەکو ساوای خۆتێهەڵسوو.. ئاسکی تەرەی سەرهەڵگرتوو
بەخۆتاودان و هەڵوەدا.. سکەی سکاڵا بەرنادا
سەرئەکێشیٚ بۆلای خودا.. ویژدانت ئەداتە دادگا
ئەگەر شابی ئەگەر گەدا.. عەشق هەر لەدەرگا دەدا
ئەگەر بۆی نەیەیتە رەدا .. هەرچیت لەدڵدا داڵدەدا
ئەگەر وەك مار پێوەنەدا .. خوا دەزانیٚ چی روودەدا

٢٠١٤

# من و شیعر

من و شیعر بەیەك فێرین .. هەوارو سۆزی بلوێرین
زەنگ و زایەڵەی زەنوێرین.. مەسجان بۆ یەك دەنێرین
چاو بۆیەکتری دەگێڕین.. جارجار لەبەر زمانی بەد بەئەنقەست یەکتر دەبوێرین
تریفەی دەم مانگەشەوین بەحەپەی سەگ ڕادەبوێرین
نمایشی پەلکە حۆرین بەرووی رۆژیشدا بوێرین
بۆو خەڵوەتە ڕەنگاڵەیەی شەبەنگ ڕێسی ئاوێزانی گزنگ ونم
لەو ئاوێتەی توانەوەدا ئەو بۆتە تۆو تۆ ئامادەو منم ونم
بۆ خەملێنی بەزمی ئاهەنگ .. بۆمارەیی بووکی قەشەنگ
قەشەی شەوکوێر رادەسپێرین
بۆشاباشی بوك و زاوا شیعرێکی تەڕ هەڵئەبژێرین
بۆگەڕیانی بەژن شۆڕان شەوو ڕۆژ چرکە ژمێرین
لەدەست بەندو زەماوەندا دوو ژەم برسی و ژەمێ تێرین
هەر بەهەوای بانگی دێرین گوێ بۆ یەکتر رادەدێرین
من و شیعر هەروا فێرین

٢٠١٤

# بەندی زیندانی ئەوینم

بەندی زیندانی ئەوینم نەك بەندەی بەرکەوتەی ژینم
ئەو ژاژەم کرامە بلوێر نەك زەلی شەکر شیرینم
خولیای دووچاوی نەخشینم نەك ماخۆلیای سەرنشینم
خۆڵە کەوەی نیشتمانم نە سەوزم زەردم نە شینم
تاڤگەی لێڵی پێکەنینم جۆی مەندی روونی ئەسرینم
لەرێژگەی شیوی ئەندێشەم پڕ ناکەن گۆمی گرینم
واتێمەگە لەجێژوانا سەرگەرمی بادەنۆشینم
بۆ شیلەی لێوی شیعرێکم سەرقاڵی وشە گوشینم
یالەدەوری بەردەبێری خەریکی نێرە دۆشینم
گەرچی زامم کۆن و قووڵە خوێنی گەش دێ لەبرینم
لەورۆژەوە قیبلەم سووڕا کەدیتنت بوو بەدینم
پەپوولەی شەیداو بزێوی سەر قوببەی سینە نەسرینم
ئاسمانێ گوڵە ئەستێرە بەشێوەی تۆوە ئەبینم
چونکە هەرزان بازاڕ نەبووم عاقیبەت هەڕاج فرۆشم
بالەی ئەرمەن و جوولەکە بەنەوەی ئەنفال ئەپۆشم
ریاو دوو ڕوویی رۆبێکە یەخەی داگرتۆتە کۆشم
زمزم و کەوسەر بەمن چی تا ئاوی تۆبە نەنۆشم
خودا سزای کەمتەرخەمیم گەر ژوانێ لەدۆزەخ بێ
بەگڕی عەشق بمسووتێنە نەك ژیانێ لەبەرزەخ بێ

٢٠١٤

# لەنەبەدی .. بۆ ئەبەدی..

لەنەبەدی .. بۆ ئەبەدی.. بەختی خەوتووم.. خەونێکی دی..
ئەوخەونەشی نەهاتە دی
ئازیز وادەی دەورو تەسلیم گەر هاتیتە ژوور سەرینم
تینووی سورەتی وەل عەسرم لەپێش یاسینم یاشینم
بالەدەمی چاو لێکنانا تاوێ لەبالآت رامێنم
بەخەیاڵی ئەو بەهەشتەی ئەڵێن هەیەو من نایبینم

٢٠١٤/٧/١

# یادتان بەخێر گۆڕ غەریبان

ئەی کیژۆڵەی ئەنفالکراو یادت بەخێر .. هۆ پاکیزەی ئەتککراو
لەویژدانی دادگای تۆڵەی سەدەی ستەم تکا تکاوو دەرکراو
لەکاڵە مستی دیوانی مستەشارە سەرشۆڕەکانا فتکراو
تۆی شەهید شاهیدت ناوێ کاتێ بوویتە پۆڕی خوراو
یادتان بەخێر گۆڕ غەریبان .. ئاسکی گلاوی بیابان
لەقەبرستانی گوندەکان کێل بزرن .. لەکولانەوەی زامی مێژوو هەر
گەردن کێل و حازرن

٢٠١٥/١٠/٢٥

# شەترەنج

ئەی شایانی پەرستن و بەهەق ناسین ئایاتت جێی تێڕامانە
لەئاستی سپاس گوزاریت وێردی زبانم سوبحانە
من گوێڕایەڵێکی لاواز .. بێدەرەتان.. بەداماوی و دەستەوەستان
وەك بینەرێکی کاڵفام و سەرسامی ئەو شەترەنجەیەم لەئاسمان
سازت داوە بەهەیف و خۆر گشت هەسارەو ئەستێرەکان
لەنێوانی دیواودیوی دادانەوەو خول و لوولی تویێی تەنکی تەن ناسکی و نەرم و فێنکی
پەیدابوونی شەوو رۆژا .. بەیەك رەنگی.. بەبێ دەنگی.. بەهاوسەنگی
...
ئەیخەیتەوە سەر وەرزەکان
بەزانایی و بەدانایی و بەردەوامی لەنوێبوونەوەو داهێنان
ویستی تۆیە بەرۆژی روون ناکەین دەرکی .. مەگەرجارجار بەتاریکی دەرخەیت جووڵەو جێگۆڕکەیان
لەمێژەیە ئەم گەردوونەت لەگەڕدایە.. لەگەڵ هەموو جوڵەیەکا
تیغی حەجاج جەستەی هەللاج لەخوێندایە..

٢٠١٥

# وەقفی عاشقان

کەو لەشاخان .. گوڵ لەباخان .. دڵ لەداخان.. کەیلە گۆن
کەڵ بەکێوان.. چۆڵ بەدێوان.. خان بەخێوان.. پیر بەزێوان..
پێ بەجێژوان
پێك بەپێوان.. هەر لەشێوان.. تاپارشێوان.. بەبێ نێوان..
دەم بەلێوان.. دەست بەسێوان.. دەستەمۆن
کەسانێك بێ وەفاو ئەوین.. دەژین دەخۆن.. دێن و دەڕۆن
لەدنیادا پەست و سەربار لەو دنیا حۆل و ڕەنجەڕۆن
لەسەر مەکۆی بازو هەڵۆ.. شاباشیانە چاوو برۆ.. بەبێ درۆ وادێنەگۆ
بەهەشت و تۆ .. ئەبێتە نۆ.. ئەزانی بۆ؟
هەرچیم داچاند لەشارو کۆ.. هەرچیم چنی بەتان و پۆ.. چیم داهێنا
تاڵ تاڵ لۆلۆ
چیم پێشکەشکرد بەتاك و کۆ.. وەك ئەرکی خۆم و مافی تۆ ..
وەقفی عەشقەو کردت تاپۆ
سوێندم بەخیزەی گەنم و جۆ.. بارانی پەڵەی لەسەرخۆ..
بەهای بەهرەی ئەفسوونی تۆ
ئۆباڵ بەئەستۆی ئەرستۆ.. بەهارێکە پڕ ڕەنگ و بۆ..
هەوارێکە خۆش خولق و خۆ
سایەو سەفای هومای جوانیت ئەبەخشێت نگین و شکۆ..

هەر وەرزەو کاژێ هەڵئەدا وەك قەدپاڵ و بەژنی گمۆ..

کەبێ بایەخ بوو گفتوگۆ.. وەك بروسکە بەنیوەڕۆ ..

ئاسمان ئەکاتە ژیلەمۆ.. ئەستێرەکان ئەبنە پشکۆ

هەناسە سارد دەستەو ئەژنۆ.. سندوقی عەقڵ و کوپەی رۆح

کاسەو دەفرن نەك داینەمۆ

لەرێی عەشقا بەهاتوچۆ..هەر کۆڵ بەکۆڵ و کۆبەکۆ..

دام نەنا پێڵاوی نامۆ..

شیری خاو بووم کردتمە دۆ.. دەرچەی یەکن ئەنجام و هۆ..

گرێی بەختم بردە گڵکۆ..

کەوڵی وشکی هەڵقرچاوم بەتەناف و بورجی ئاسۆ ..

داهۆڵی پەرێزی چۆڵە لێی هەڵدەستێ تۆزو بۆسۆ

بەرگی مەرگی وەفاداریم بە کەفاوی ڕیا مەشۆ..

شیری ئەبرۆت توێ توێی کردووم، ناگرم بەرگەی پینەو پەڕۆ..

مەگەر شەوقی چاوەکانت و بەهەشتێك خەندەی پڕ گەزۆ..

لەجوانیتا تواوەتەوە کۆچی عاشق مانگەشەوی هەردی شەشۆ

**٢٠١٣/٨/٣١**

# یار لەکاتی بەربانگ

نزای بەربانگ.. تەڕی برژانگ..نسێی لاجانگ
قەتارەی بەست جوڵەی جوانی و تریفەی ڕشت خەرمانەی مانگ
ئاوێتە بوون .. زایەڵەی ڕۆح..داستانی کۆچ.. هاواری دڵ ..
حەشری عاشق.. سەداو ناوبانگ
لەڕووت هایسا : نووری یەقین ..نمایانە ئیمان و دین..
خۆری باوەڕ هەیقی ئاین.. لەتۆوە دێت شنەی ئەوین
لەدڵ هەڵسا: بۆنی وەفا.. بۆسۆی جەفا.. ئاسمانی سۆز.. دەریایە قین..
قومێ تاڵ و قومێ شیرین.. بەخشین جوان تۆڵە ناشیرین..
لەپێکێکی پێك نەگەین..
ئاڵ و بۆڵ و ڕەنگاڵەیە.. گوڵشەنی پڕ هەلاڵەیە..
خەندەی بادەی ناو پیاڵەیە.. نۆبەرەی ئەم چەند ساڵەیە..
هێشووی ڕەزت.. میوەی حەزت.. گەردنی لووس و کەزیەی خزت..
ئەفسوونی نیگای مامزت..
لەفەرهەنگی هەوری وشە.. بەبریسکەی پڕ لەورشە
ئەبارێنی لێزمەی شیعر.. سپی وەکو کلووی بەفر..
ئەبنە گومەزی سەرپۆشت
گەهێ چەتر گەهێ کەپر
لەعاریفەو ئیعتیکافا.. لەوەسڵ و لیقاو تەوافا
لەدوای تەراویح و وەتر.. گەر لەباڵات نەکەم غەدر
بەڕوخساری چەشنی بەدر.. تۆی فریشتەی شەوی قەدر

٢٠١٥

# گەر دەتـزانی

گەر دەتزانی .. لەچاومدا چەندێ جوانی
گەر دەزانی .. چەند بێباك و بێ ئیمانی
شەرمت دەكرد لەسوژدەشدا بۆ قاپی خودا بڕوانی
بەسۆزی نیگاو خەندەی رووت
بەفری هەستت ناتوێتەوە
كفنم كەیت بمخەیتە تابووت
ئەم داستانە نابڕێتەوە
پشكۆی عەشقت لەناخمایەو
بەهەناسەت دەشنێتەوە..

سلێمانی

٢٠١٣/٢/١٠

# یار حەیرانە

دەربارەی جوانیت چیم نووسی .. ئاوێتە نەبوو بەهەستت
شەمامەی دڵم بۆ هێنایت.. نەتخستە ناو لەپی دەستت
كوختی رۆحیشم هەڵفرێت.. كارێ ناكا لەمەبەستت
لەكوێن.. سرووودی منالّی و بەستەی لاویم.. یارحەیرانە..!
تا پیر نەبم ئاوێزانی گیانم نابێ.. چی بكەم حەیران قەت پیر نابێ..!

٢٠١٢/١٠/١٨

# نەمزانی

بەدیهێنەری ئاسمان و دنیا
پەروەردگاری کار بەجێ و دانا
بینای گەردوونی بەشەش رۆژ دانا
نەمزانی چەندی بەخشی بەعەشق و
بۆ جوانییەکەی تۆش چەند رۆژی دانا..!؟..!

٢٠١٢/٩/٥

# رێفراندۆم

ژیان بەهیواوە خۆشە.. مردن بەبڕواوە خۆشتر
کاروانی ڕێ ی باپیرانم .. گەیاندە قۆناغی پێشتر
خوایە.. سوژدە بەردەری تۆم.. کە کوردێکی نەژاد پاکم
خواستی گەلێك دۆسیەی دڵمەو لەدادگای مێژوو بێباکم
بەختەوەر بووم ئەو ڕۆژەم دی ڕاپرسی سەنگی محەك بوو
شیرو تیریان لێمان دەسوو..و تەنیا بارزانیش ڕابەر بوو

٢٠١٨/٩/٢٦

# بۆ یەڵدام نوری دەیجوری

پشتێن شل و بەژن شۆڕی
بەسمە مەیل و رووت نەگۆڕی
بەشمە، کەدۆسیەی دوای گۆڕی
تابەزمی حەشرو مانۆڕی
پەشمە جمەی زۆرو بۆری
بەچەشمە سازو سەنسۆری
بەچین چن و چەندو جۆری
لەچاو چاوچێنان پەیجوری
بۆیەڵدام نووری دەیجوری
چەشەی خەونی پاشای کۆری
چەشنی پۆڕی ئەشکی شۆری
لەناو جوانان‌دا تۆی حۆری
بەشەو هەیڤ و بەرۆژ خۆری
لەسەر سفرەو خوانی عاشقان
هەر تۆ نمەك و پێخۆری

سلێمانی

٢٠١٢

# بۆ حەزرەتی محەمەد (د.خ)

لەزیندەگیت ناو دوای کۆچت ناوبانگ
ژینت رۆژوو بوو مەرگیشت بەربانگ
گەرچی میوانی میوان دێنە لات
ئەی مژدە بەخش و ئەی خاوەن خەڵات
تۆ تکاکارو تکالێکراو
ئەی فریادرەس و تکا وەرگیراو

# ناشێت

چاوگەش  گەردن کەش لامل زەردە بەی
عاشق وەك دەروێش ئەخەیتە حەی حەی
ئەبرۆت شمشێری جەنگاوەری رۆم
ماسی شەق ئەکات لەقولاَیی گۆم
بێ هەستی لەئاست ئاکاری سەنگین
گەڵێ شیرینی کردە ناشیرین
ناشێت بۆ تاوس تووتی مامر بێ
شەو لەکولانەو رۆژ لەئاخوڕ بێ
لەسەرە نوێڵکا چاوبەگێڕی کا
خۆڵی مریشکی نەخۆش چینەکا

سلێمانی

٢٠١٢

# سوێندی عاشقانه

سوێند بەلێوت .. بەگەردنت .. بەئیمانم
بەو ئەگریجەو پرچە جوانەی بە بای هەناسەم ژاکانم
بەو چاوانەت، کە ئەم بینن چەندە تینوو بێتاوانم
بەرەوتی بەژن و بالاَکەت تاوو تین ئەداتە گیانم
هۆی پێشبڕکێ و هەماهەنگی هەنگاونانم
بوویتە هەتاو بوویتە ئاوو بەرگ و نانم
میوەی مێوی خۆشەویستیت هێشو هێشوو
وابەکەپری سینەمەوە بۆتە توێشوو
حەوزی دڵ لە شیلەی جوانیت شەپۆل ئەدا
لەم هەوارە بۆتاوێکیش نەتدا پشوو
شەوقی گوڵی ڕوخسارەکەت بەئارایش گەشتر ئەبێ
شەهدی لێوە گوڵنارەکەت بەگفتوگۆ خۆشتر ئەبێ
ڤینۆسی شاریشاعیران تاوسی جوانی لەدواتەوە
بەپیاڵەی چاو لەئینجانەی دڵی ئاشقان ئەخواتەوە
لەدەرگای گشت دڵێ ئەدەیت دەرگاش لەکەس ناکەیێەوە
خوایە بمکەیتە بارانێ و خولیای نامۆت بشواتەوە

٢٠١٢

# بیرەوەری

بیرەوەری وڕی کردم خۆزگەم بەپارساڵ لەدوای ساڵ
مزرو شیرین، کەمێخۆش بوو ترشا بۆ تفت و تورت و تاڵ
خەمی منداڵ و ئەرکی ماڵ بوونە کۆپانی شان و باڵ
ئومێدی گەشی ئایندەم پێش لاویم بوو زیندە بەچاڵ
بڵقی بیر لەخولگەی خەیاڵ بوو بە ئۆربیتاڵی بەتاڵ
هەوداى هەناسەم شیبۆوە لە پێچێکی شنەی شەماڵ

سلێمانی ٢٠١/٦/٢١

# نیشتمان

رۆح ئاوارەی نیشتیمانەو لەئاوارەییدا نامۆ..
دڵ ئالوودە .. گیان ئاسوودە.. بۆ دوا وادەی ئامێزی تۆ..
ئەی نیشتیمان.. بۆنی خاکت هەناسەمی پڕکردوو
ئەشکی مێژووت.. کێلی گڵکۆی ئازیزان و ریشەی داری کۆ هەواری
کاولە لانەی باپیران و لانکی ساوای گڕوگاڵی مناڵیمی تەڕکردووە..
ناڵەی چەند کۆرپەی لەبارچووت گوێی مامانی کەڕ کردووە..
ئەی کیشوەرە چوار کەرتەکەی گوێ دڵی کورد..
بۆسۆی جەرگت تەمتومانی خنکێنەرەو دوژمنانی قڕ کردووە..
شیلەی رەنج و چاوگی هەڵچووت.. بەتاڵان و بەهەدەرچووت..
چەند ملهوڕی مڕ کردووە..؟!
بەداستانی هەستانەوە .. بێ وەستان و حەسانەوە..
بەرووی جەورو چەوسانەوە.. داگیرکەری شڕ کردووە..
بەستەڵەکی رێبەندانت .. بۆبەهاری بەرخودانت..
بۆ بەزمی خەنەبەندانت..
چەند دمدی سڕکردووە.. چەند دمدمی سڕکردووە..
نیشتیمان .. ئەی نیشتیمان
٢٠١٢/١/٢٧

# ئەی هەناسەی عەشق و جوانی

ئەی هەناسەی عەشق و جوانی.. کەفقووتی رۆحی رەوانی

تۆ سۆیٚ ی ناسۆرو هەتوانی.. بارانی هەوری پەنهانی

بەخششی فەیزی یەزدانی.. پێش نان دوای نوێژی بەیانی

چۆنم ویست و چەندت توانی..

بیمێژێنە کۆرپەی شیعرم.. بەژەکی گوانی بەیانی

هەسارەی سپی ئاسمانی .. شەوی سامالّی زستانی

سەرکوێستانی کوردستانی..

ئامۆژگاری پیرشالیارو بەراودری پێشنیانی هەورامانی

کەهاوکێشەی زیندە خەونان شیتەلّ ئەکەن بەئاسانی

دیداری لاوو پیرانی.. دوای سەردان و سەرنانەوەو هەستانەوە

لەوچانی بن ئەرخەوانی سەیوانی.... سلێمانی

سلێمانی

٢٠١٢/٦/٢٧

# تیر مەخەرە کەوانت لەمێژەکوشتەی گوللەم

دەرکەوانی دڵ وەرەهۆشێ دەرکە لەکەللەم

شووڵی شەرمم هەڵکێشە ئەوسا شایانی زللەم

تیر مەخەرە کەوانت لەمێژە کوشتەی گوللەم

فەیزی وەرزت بەمن چی ئێستا پەرێزی کوللەم

شاعیر وەك نەفسی کوێرە.. جارجار  خێری پێ خێرە

زەکاتی گوڵزاری رووت.. گوڵێکمان پێ بسپێرە

دەست و دەم بەماستاوم.. بۆمامۆستام وەستاوم

جێگەو رێگەو سێبەرت.. رووا لەتیشکی چاوم

سلێمانی

٢٠١٢

# دەمی شەوێن

مەلی چاوەڕەشەکانت ..مەیلی نیگا گەشەکانت

شەك و شوانن دەمی شەوێن.. لەگەڵ مانگە شەوێ ئەدوێن

بۆ شەوارەی کۆرپەی ئەوین.. ئەفسوونی فانۆسی جوانین

دوو ئەستێرەی گەشی نەوین.. وەك دووکەوی کێوی کەوین

٢٠١١

# بێداری و زەردەپەڕی چاوەڕوانی

لەرۆژی رووت تریفەی مانگی جوانی..

بەکازیوەی سپێدەی ئەرخەوانی

خامۆشی شەو ئاوێتە بوو بەزایەڵەی بەیانی

وەك فرمێسك و زەردەخەنە لەرووی پیرێکی نوورانی

شەوقی گوڵی خولیای رواو.. وێنەی پەڕی پۆڕی خوراو

گەلاڕێزانی وەرییە ناو.. زەردەپەڕی چاوەڕوانی

پەڕوباڵی پەری شیعرم پڕوزانی دنیای فانی

کەجەرگ و دڵ بوونە ئەسرین چی ما بیکەم بەبریانی

جارێکی تر حۆری عەشق نەهاتە لام بەمیوانی

سلێمانی / بەکرەجۆ

٢٠١٢/٢/١

# لەکوێ میوان توێشووی پێیە

کەقولە ڕەشێ بەقوڕی ڕەشی خاکی قوڕەیش
ریشی کیسرای خەناوی کرد
کەزمزم تامی کەوسەری .. بەسەرچاوەی فوراتا کرد
کابان کەرەی کردە زنگەو .. هیزەی سوڵتانی لێ پڕ کرد
کورد بەرگێکی ئاودامانی .. بەبەر باڵای مێژوویدا کرد
گەرچی بیلالی حەبەشی بانگی هەقی ئەدا ئەکرد
دیاردەی غەدرو ڕیابازی لەزۆر درزەوە دزەی کرد
خوایە بەهەققت دەزانم گەرچی نەفسم سەرەڕۆیە
کەمن میوانی ماڵی تۆم لەکوێ میوان توێشووی پێیە..!؟

٢٠١١

*******************

پێکی بادەی تەڕ لەدڵدا ئاگری هەق خۆش ئەکا
کوورەی دەروون دێتە جۆش و نەعرەتان خاڵی ئەکا
بۆیە تیغی شیعرەکانم تیژەو هەردەم موو ئەکا

**********

دایە گیان رووخساری پاکت لەمانگی چواردەدا دیارە
تریفەی سۆز زەنگۆڵ زەنگۆڵ بەسەرمان ئەکا قەتارە
لەمزگەوتی ناو دڵماندا بوویتە مینبەرو منارە

★★★★★★★★★

شەنگ و شۆخانی بێ پەروا

بۆ عاشقان لەرێی خودا

وەك عاشقانی رێی خودا بەبێ تەقوا مەدەن فتوا

وەك وچانێك لەوێستگەیەك

بۆ رێبوارێکی رێگەیەك

هەر ڕێت نەخستە ناو دڵم

هەتا بشکێنێت سەرخەوێك

بۆ نیگایەك سەرنجێك و تەماشایەك

هێندە بەسوێم

ئەڵی مافی مناڵیمت لەگەنجیما

زەوت کرد لێم

# لاوه شوانی کارمامزم

لاوه شوانی کارمامزم.. باخەوانی لالەی رەزم
بۆساباتی کۆڕو بەزم.. ئەتۆ ساقی و خۆم ئاشپەزم
ناترسیت شەو کاتێ خەوتیت بێم چاوەکانت لێ بدزم
کەهاوارو ڕۆڕۆت هەستاوخرۆشاندت خوێش و خزم
کەشتی گەشتم بەرێخەم و بانگێ رادێرم کە ئەزم
ڕووگەنمای دەریای عەشقن بۆ کەناری خۆزگەو حەزم
تا ناچارت کەم پەل بکوتی و عەسای هەڵبەست بگریتە دەست
بۆسەر کانی چاوەکانم هەنگاو بنێیت بەرەو مەبەست
دەست نوێژی تەوبە بگریت و نوێژی ئیستیغفار دابەستی
چەندێ جوان و خۆشەویستی هێندەش بێ هەست و هەڵوێستی

سلێمانی ٢٠١٢

# دوو عەشقی خنكاو

پێش هەڵنیشتنی باشووی شەو

پریاسكەمان پڕ كرد لەخەو

بەپەرۆشەوە بەپەیسەر

تروسكێ ئاگر بووینە تەتەر

بۆی رۆیشتین.. پێی گەیشتین.. لای دانیشتین

من بۆ رووناكی تۆ بۆ تین.. كردمانەوە هەگبەی شیرین..

پڕ خەمی نوێ و خەونی دێرین

تا دڵت گەرمكردەوەو.. هەڵبەستێكم هۆنییەوە.. شەبەق كەوت،

كەچی نەتكردە گەردنت..

بۆیە كردم بەملوانكەو كردمە ملی كێلی گلگۆت..

لەگۆڕستانی عاشقان.. پێش مردنت..

تازە عەشقێكی خنكاوی .. لەناو فرمێسكی روونما

عەشقم لەتینوا خنكا..لەدەروونی بێرونما

٢٠١١

# وەک هەورو باران دەستمان لێک بەردا

کە گڕی جوانیت لەم شارە بەردا

دوکەڵی ئاهم چوو بەحەوادا

ئەسپی پێشڕەویم، کە چۆکی دادا

وەك هەورو باران دەستمان لێك بەردا

قولاپی نیگات دلم بەرنادا

ئەگەر بەشاخ و دەریاشم دادا

کەچپەو رازت ئەخزێنە ناخم

ئەبوژێتەوە کانگای دەماخم

کەزەردەپەڕت ئەدا لەرۆحم

دنیا لافاو بێت یاوەری نوحم

هەناسەی شەوی ئەندێشەی پاکم

سرەوتی ژانی زامی زگماکم

حەشاری حەشرو پەنای بێباکم

بەبێ ئەو جووت و لەتەك ئەو تاكم

سلێمانی ٢٠١٠

# سەرەتای یەکەم بینین

بەتیری چاو راوت کردم.. قەلأی دلت داگیرکردم
گەرچی ئێستا وێرانەیە.. بۆ مەلی ئەوین لانەیە
لەم مێژووی عەشق و ژیارە.. مۆزەخانەو شوێنەوارە
جموجولّ و هاتوچوونت تۆماری کەیسی هەناون
وەك نمەی بارانی بەهار لە وەردی دلّ قەتیس ماون
وەك میوانی پرسەی ئازیز یەك یەك هەمووم لەبەرچاون
لەفرمێسکی باوکێکی پیر پرچی کیژی سەربڕاون
سەرەی وەرزو ڕیزبەندی سالّ.. سیمای گۆڕاوی شارو مالّ
وەك بارمتەی بەجێماون..
چی هات چی رۆی چی ئەگوزەرێ تێکرا لای من چاوو ڕاون
ئیستەیش گۆزە نەخشینەکەت.. لەچك و دەسرە پەشمینەکەت
پەنجەی شووشی بلوورینت.. گۆنای ئالّی بەفرو خوێنت
بریقەو خوڕەی ئاوی کانی.. کەبەتاسەو چاوەڕوانی
شام و نیوەڕۆو بەیانی.. دەستەمۆی کردبووی بەژوانی
بەپاکی و روون و رەوانی .. بەچاوی من لێی ئەڕوانی
بریسکەی سوخمەی گولّهەنارت.. کەشمی بەژنی شەنگ چنارت
لەرەی لیمۆی تفتی خوا کرد.. تۆبە بێت خوایە سەهوم کرد
ورشەی کەواو کراسەکەت.. خرینگەی مورو و هەیاسەکەت

دیمەنی ناو دیدەی تەڕە.. بۆنی عەتری وەفای عەشقە..

بۆ دەڵێن خاك مەیل بڕە

کەوەك ئاسکی سرکی سەرکەل.. لەسێبەرەکەت ئەتکرد سڵ

دەسماڵە گوڵنارنجییەکەت.. باڵی پەپوولەی نەستم بوو

بزەو نیگای ئەفسووناویت.. تەلیسمی خولیاو هەستم بوو

بەشەرم و پێکەنینەوە چۆن و چاکیت مەبەستم بوو

سلێمانی ٢٠١٠

# چوار وەرزەکان

وەك کوێستانی پاش گەلاوێژ دڵم کەیلی غوربەت بووە
بەهاری تەمەن تێپەڕی و قەندیلی دڵ تازە خونچەی دەرکردووە
دیسان پایز وەك جوتیارێکی روخسار زیز ..
میوان دۆست و گەرم ئامێز
گوێی هەڵخست و دڵی راخست بۆ چڕینی حەیرانێکی حەزین
بەدەم هەڵوەستەو خەیاڵی بەرەو هەوارەکەی دێرین
هەناسەیەکی ئاوێتەی دووکەڵی فەننەکەی کرد
مشکی لەسەر پەستەك لەبەر  وەڕڕاق داڵ گۆشت هەمبان لەپشت
نەقیزەمست..خەرار بەدەست نێرو ئاموری سەرشان ناو جووتێ گای رەشی
پێش خۆداو بەهۆهۆهۆ.. بەرەو ناودێ تاشەو دادێ رێگەی گرت و لەچاو ون بوو
هەوری چڕو خەستی پڕ نەم .. پەرش و بڵاوبۆتەوە تەم
کشا بەسەر سینەی دەشتا و ئاڵایە بەژنی کێوو چەم
گەلای روو زەردی پایزی .. جومگەی ترازاو پەڕەی خزی
بەسەمای مەرگی بێدەنگی سەرەنگرێ بو هەڵئەلەرزی
زمانی حاڵی بەکزی ئەیوت هەرچی خزی رزی
ئای لەوەرزی سەوزی و بەرزی
باڵندەکان پەڕەوازن.. سیس و برسی و لانەوازن
ئەجروکێنن کەم ئاوازن

باخچەش بێڕەنگ شوڵ پەرژی شاش بێ باخەوان و بێنازن
هەوران تاريك چڵكن و بۆر.. ئاسۆ ئاڵۆز خنكاوە خۆر
لاڵ بووم ئاڵی بەيان لێڵ بوو
دنيا بۆز بوو دێزو خۆخۆر

★★★★★★★★★

پەپوتەی پايز داوەری .. لەگەڵ گەڵای يادەوەری
قانگرە لاچك و لاسكی كەما.. بەگێژەڵووكە و بای گمە.. نەيما سەما
لەسەر تەپۆلك و لاباسكان.. وەك گورگ لەڕەوە ئاسكان
راپێچی شيوو ئاودڕان دەكاتەوە سەر تارمی دەست لێك بەردان
گەواڵان تێكيان ڕاخوڕی.. لەدۆڵ هەڵسا گرم و هوڕی
راچڵەكين وەرزێری موكری و كوێستان نشينی مەنگوڕی
پەيامی هات وەرزی خەزان.. بەبۆنی رشێنەی باران
كە بەرگی هەژاران دڕا.. دەوڵەمەند چيتان پێ بڕا ‼
هەرگيز نزای تاوی باران.. ناشوا سزای تاوانباران ‼
بەڵێ ڕەنجی شان و بازوو.. حەڵاڵە وەك گەزۆو مازوو
هەر بەنوای چەوساوەيە.. دڵ لەناويا حەساوەيە..
لەكوردستان ئەوا زستان وەك باجی كۆنە زەيستان
بەهەناسە تەڵخ و سڕەكەيەوە.. بەلێفە ساردو شڕەكەيەوە
بەزيندی خۆی ئەچێتە ناو ئەو تابووتەی..
تەرخانە بۆی بەرەو كوێستان
بۆ گۆڕستان .. بۆ باوەشی كلووی بەفرو تونكەی بۆران

★★★★★★★★★

بووكی بەهار رەمزی وەرز.. وەك قەيرە كچێكی سەڵتە سەوز

وابەتارای ئەرخەوانی و بەچاوێکی سامالەوە..
بەبەیداخی ئالۆوالای دەسمالەوە
بەکەژاوەی رەنگاورەنگی پڕ پەپوولەو گولاڵەوە
بەشەپۆلی شەمالەوە.. بەکانیاوی زولاڵەوە.. بەئاوازی شمشالەوە..
بەکوێستانی خاڵخاڵەوە.. بەپێشوازی شەنگەبێری چاوکاڵەوە
بەسەربوردەی سیامەندو ماڵماڵەوە
بەجێژوانی دڵخوازان و بەیادی تفت و تاڵەوە
لەهەوارو رەزو باخ و کەپروکانی خوار ماڵەوە
بەفەرمووی لێوی ئاڵەوە.. بەدەم تریقەی مناڵەوە
بەگمەو گڕوگاڵەوە بۆ ئێرە دێ

*******

بەلام هاوین.. خاوەن ماڵی خانەنشین
دێم وەردی سووری دێبەرشین
چوار مەشقی لەسەربانی زین
دەم بەهاوارو قاووقین
بەتاووتین هەر کۆششەو زەوی گوشین

سلێمانی ٢٠١٠

# سوتان تاکەی

سوتان تاکەی .. بەسییە ئیتر
بەپێی پەتی بەبێ پەنا.. لەژیلەمۆی کووچەی عەشقا
جەنگێکی تر..
هەستانەوەو وەستانەوەو سەنگەر گری و گوولە بەندی و وشەی گڕدار
بەڕووی یەکتر..
بەرگە ناگرم لەمە زیاتر
شەنگ و شۆخی روخسار ئاور
بێ جیاوازی ئەسوتێنیت
ئیسلام و جوو|.. قەشەو گاور..!
ئەی گوڵە باخێ لەئاگر
جەللادی جادووی دووچاوت
مەستن .. نەبیستن .. پێداگر
ئەی ئەو شۆخەی
لەمیحرابی .. کۆشکی عەشقی
عەرشی شاعیر
بوویتە ئەستوون
بوویتە راگر
٢٠١٥

# بەناهەقی لەسەر هەقین

لەم کاولە ژینگەی سۆزو قین
مان گومان و نەمان یەقین
بەدڵ کوێرو بەچاو زەقین
زبان نەرم و قسە ڕەقین
بەگیان سەخت و ڕەق و تەقین
لەگەڵ عەشقا لەنگ و لەقین
بەناهەقی لەسەر هەقین

# خەیاڵی من و خولیای پشیلەکەی باوەشت

هەزار خۆزگەم بەو پشیلەی لەباوەشتا ئەمیاوێنێ
لەغەیبەوە بەپەنهانی کۆرپەی دڵم ئەلاوێنێ
شەوقی چاوو بۆی هەناسەو ورشەی جوانیت چ سیحرێکە؟
تەزوویەك بوو دای لەگیانم مۆمی تەمەن ئەتاوێنێ..

٢٠١٨/٢/٨

# دیاری و یادگاری

ئەگەر دیارییەکت پێشکەش کەم لەدنیادا نەیبیێت وێنە
بۆت دێنم کەرتێ ئاوێنە.. ڕووی خۆتی تێدا بنوێنە
گەرتۆش ویستت بەیادگاری .. بم دەیتێ خۆشترین دیاری
تەنیا لەتێ لەو بنێشتەی لەدەمتا پێی ئەکەی یاری

٢٠١٨/٢/١

# بلێم چی.. بەمن چی .. بەتۆچی..!

تۆ ئەتوانی لێم تێبگەی.. کەناتەوێ بلێم چی..
من ئەمەوێ لێت تێبگەم.. کەنەتوانم بلێم چی..
تۆ ڕۆبەکەت دائەماڵی .. ڕۆبۆتی دڵ بلێ چی..
پەیگرێکت لەهەستایە راوئەکەیت رازی راوچی.
باڵی ڕەنگاڵەی بەهاری و لەقۆزاخە دەرئەچی
من بالاپۆش بەقاپووتێ و تۆش لەپەری خەو ئەچی
لەکەشێکا نەسەرمایە.. نەگەرمایە
ئەم چەق و چۆی لەرزوتایە .. لەبەرچی..
کەبانێکەو دوو هەوایە بلێم چی..
قاوەی تاڵی ئەم ڕۆژگارە..
بەشیلەی لێوی شیرینت نەخۆمەوە..
بەمن چی..
لەچاوانتا چرای عەشقێ داگیرساوەو تریفەی دێتە خوێنمەوە
ئەگەرچی..
پەیامی عەشقکێکی پیرۆز.. لەسەر گابەردی دڵتدا..
بەنهێنی هەڵکۆڵراوە.. بەدەنگی خۆم نەیخوێنمەوە
بەتۆچی..

٢٠١٧/١٢/٢٣

# شەو بسپێرین بە ئەستێرە

وەرە بائەمشەو پێکەوە

بنوین بەدیار دوو پێکەوە

کەخانەخوێی ماڵی دڵمی

پەیتا پەیتا بۆم تێکەوە

پێکی چاوت .. پێکی دڵم

دەم ئەکێشن ..لێو لێك ئەسوون .. سوورە گوڵم

ماڵی میوانمان ئاواکەین.. دەرگای وەڵامان واڵاکەین

سپی و ڕەش ئاڵو واڵاکەین.. بولبولی دڵ بەرەڵا کەین

هەناسەمان تێکەڵاوکەین..

شەو بسپێرین بەئەستێرەو

ژینگەی عەشق پڕ گوڵاوکەین..

★★★★★★★★★★★

٢٠١٨

# خواپێداوی خوانەناس

بابێت تەرازووی دادوەری

تاچاومان بخەینە سەری

من لەم سەرو تۆ لەوسەری

سەیری .. سەیری.. هەتا کوێ نابەرامبەری..

گەرچی لێواری یەك جۆگەین..من لەمبەرو تۆ لەوبەری

وەنەوزو خەندەی یەك خۆرین..من هەتاوو تۆ سێبەری

بووینە دوو کێل بۆ یەك گڵکۆ..گڵکۆی عەشقێکی بێبەری

دوای سەلامی نوێژی جەژن.. تۆ شارنشین من کۆچەری

لەم گوزەرەی سەودای تۆدا.. بێباکی یان بێخەبەری؟

خەزێنەی دڵم هی تۆیە.. خوا پێداوو مسۆگەری!

تاسەی عاشقێ ناشکێنی.. خوانەناس چەند ستەم گەری

٢٠١٧/١١/٢٧

# بەهارو باخ

خوایە دنیای عەشق جوانە

ژینگەیەکی میهرەبانە

هەم هەتاوە هەم بارانە

هەوارێکی ئاوەدانە

باخ گوڵیدا ئەرخەوانە..

قەرەبووی وەرزی زستانە

بولبولان خەنەبەندانە

زاوزێیەو گوێزەبانە

هەنار خڕبوون دانە دانە

دەمی ماچیان خەندەرانە

سێو زەردو سوور نمایانە

بەلاڵووك دیدە حەیرانە

باڕێزە پرچی پەخشانە.. کابە ڕیشوەی پەرێشانە

گورزەی کەزیەی لەسەرشانە.. بەبای شەماڵ ئەیکا شانە

کیژی گۆزە لەسەرشانە.. لەپێش چاو بۆتە نیشانە

هەنگوین چیخ بوو شانە شانە.. هەر شانەیە هەزار خانە

هەنگی هەڵبەست لێی میوانە.. بابای خەیاڵ باخەوانە

# ژیان هەر بەشی ئەوەی کرد

ژیان هەر بەشی ئەوەی کرد..
بەندو خێنم .. خستە خوێنم .. لەشرواڵی حەیام ڕاکرد
ژیان هەر بەشی ئەوەی کرد
پارچەیەك قوماشی چنی و چۆغەی
باپیری پینە کرد
ژیان هەر بەشی ئەوەی کرد
کەوگیرەکەی دەستی دایکت.. لەنانی پرسەی خەسووتا..
بۆ چەند جارێك نمایش کرد..!
ژیان هەر بەشی ئەوەی کرد..!

٢٠١٧

# زەمین لەرزەکە

بۆ چرکەیەك.. هێندەی فرتەی چۆلەکەیەك
زەوی وەنەوزێکی کردوو.. ڕەتەڵی برد
وەك فرمانی پێدرابێ.. نووکەیەکی بۆ کرابێ
واکتوپڕ .. تەکانی داو کەوتەوە گەڕ
لەسەر خولگەی ئەگەر مەگەر..!
هەیهات هەیهات
چی ڕۆی.. چی هات.. بۆ لێوە لەرزەتان لێهات..؟
چەق و چۆ ڕۆچۆتە گیانتان..
ئەی نازانن شاعیرەکان..
نەك بەلەرەو عەرد هەژان.. بەیەك خورپەو تەزوویەك ژان..
بەناو جەرگەو چەقی ویژدان.. ناودڵیان ئەبێتە گڕکان..!

٢٠١٧/١١/١٤

# شەوهات و پەروانە تۆرا

کەمۆمی جوانی داچۆڕا.. شەوهات و پەروانە تۆرا
لەشەوە زەنگی کش و مات.. کەهات و پڕ بوو لەنەهات
لەبن داری یادەوەری..بەو پەلکانەی، کە هەڵوەری
تابلۆیەکم نەخشان لەخاك..سەراپا حەسرەت و خەمناك..

٢٠١٦/٤/١٥

# نیشتمان

ئەی نیشتمان.. کەشەو دادێ..
لەتەك خێوەتی خەومدا.. لەپاڵ ڕەشماڵی شەومدا..
تەلاری ژین بەلادا دێ..
ڕۆحم دەفڕێ..
ئەفڕی و چۆڕ چۆڕ.. ئەتکێتە ناو گلێنەی خۆر..
لەگەڵ هەناسەی کازیوە.. لەناو گزنگ و زریوە..
هەموو ڕۆژێ .. بەخوڕ دەڕژێ..
وەك گەواڵەی گولاو ڕشێن..شەماڵ و شنەی باوەشێن..
بۆ ڕوماڵی کوردستانم.. زێدی شیرینتر لەگیانم
لانەی خەون و خولیاکانم.. سپێدەباش نیشتیمانم
ڕۆحتان شادو یادتان بەخێر..
دیدارتان ڕوون ئازیزانم..
٢٠١٧/١١/٦

# بەئەفسانەی چاوەکانت

بەتەلسمی ئەو چاوانەت
چەندی وەك منت پێکاوە؟
چەند مەولەوانی سەرکێشت
کردە دێوانەی نابەڵەد..
لەو کانی عەشقە خنکاوە..!
تۆی خۆشەویست .. وەکو پێویست .. جارێك نەتویست
لێم تێبگەی..
لەزندۆڵی پیرە دلاْ.. لەتەمەنی ونبووی گولاْ..
لەخوێندنەوەی مێژووی گلاْ
بەمراوری بەردبووت بگەی..!
لەمۆزەخانەی ناوقەلاْ..سندوقی زیوی پڕ تەلاْ
بۆ سەرچڵم گەلاْ گەلاْ..پەیکت دێ و پەیامت نەگەیی

# ناگەم بەتۆ

جگەرەیەك دائەگیرسێنم و.. لەخۆمدا بۆتۆ ئەگەڕێم
ئەتدۆزمەوەو .. هەرچی ئەکەم نایەیتە گۆ
پێدەشتێکم بۆ ڕاخستوویت ..مێرگ و کانی پڕ رەنگ وبۆ
هەوارێکم بۆ هەڵناویت ..قەندیل ئاسا بەفرو گەزۆ
رەشماڵێکم بۆ هەڵداویت.. بێ تان و پۆ.. هێندەی گمۆ
ئێوارە کۆڕێکم سازان.. سەمای شیعرو گەڕی شانۆ
تەمەن مۆمی گەردن کەچەو .. کزکز ئەسووتێ لەسەرخۆ..
وەك کارەکەری سەر سەکۆ
کوولەکەی رۆحم بۆ ڕانایت.. وەك شووتی بەشەرتی چەقۆ
بەلاّم ئەفسووس سرك و سڵ و .. تەرەیت و نابی دەستەمۆ
لەڕەشێنگی ڕنووی عەشقا .. ڕەشایی دێ وئەمسرێتەوەو
ناگەم بەتۆ.. ناگەم بەتۆ..!

٢٠١٧/١٠/١٢

# پەیکەری مەدالیایەک

بەکەمەندی زوڵفی خاوت .. هەڵمواسیت..
بەسنەوبەری باڵاتا
لەخاچم دەیت.. بەقوببەو مێخ.. لەسەر دەرو
دەروازەی سینەی واڵاتا
بم نەخشێنیت.. لەتابلۆیەك.. بم چەقێنیت..
لەسەر شارێگای وڵاتا
خاتونی شار.. شۆخی عەیار.. قەهری جیلوەی پەروەردگار
بەڕواڵەت.. ڕەوایە بۆت.. ئۆباڵی نایەتە ئەستۆت..
پڕوکانم.. کلێپەیگیانم.. تەزووی تەزیوی ویژدانم..
تابتوانم .. تێڕامانم
لەڕووی گزنگ و نیگاتا.. لەژێر پەرچەم و ئاڵاتا..
٢٠١٧/٢/١٠

# شەوی یەڵدا

لەقوڵترین شەویساڵدا

سەری هەڵدا شەوی یەڵدا

شار زریوەو چراخانە

پێکی بادەی تەڕی هەڵدا

جوڵە کەوتە ئەویندااران

پایزی عاشقان گۆڕا

یارداوەرین جووتەیان بەست

هەندێکیش ناکام لەگۆڕا

خۆپەرستان بێمتمانەن

کۆڵیان قورسە هەر لەخۆڕا

بازی وەفا هاتە مەیدان

بەقەلێکی دوڕەگ دۆڕا

بەقیڕەی قەلی گەروو ڕەش

مەلی ئەوین تەری و تۆرا

دڵی شاعیر هێندە گوشرا

لەقەڵەمی خوێن دەچۆڕا

شەوی یەڵدای ٢٠١٧

# شاجوانی ساڵی ٢٠١٧

هەموو ساڵێ، کە شاجوانی جیهانی ساڵ دیاری ئەکەن
تاجێکی نەخشێنراوی درەوشاوەی لەسەر ئەکەن
بەرێوڕەسمێکی شایستە لەسەرایەکی قەشەنگا
لەکەشێکی ڕۆمانسیانەی ئەفسووناوی پڕ ئاهەنگا
لەناو هۆڵێکی ڕازاوەو پڕ زریوەی ڕەنگاوڕەنگا
بەنمایشی دەستەبژێرێك لەخاتوونی بەژن جوانی شۆخ و شەنگا
کە گەلە ئەستێرەی گەشن.. جیلوە بەخشن پەری لەشن
تاق تاق تاقیان ئەکەنەوە.. تاقێکیان تاق ئەکەنەوە
ئەویان زیاتر لەتۆ ئەچێ.. عەمرە ناکا بۆ حەج ئەچێ
مینایکەمتر بریندارە.. تارای شەرمی پیوە دیارە
شوشەی ڕۆحی نەڕوشاوە.. بەهێی دڵی نەپیشاوە
فریشتە نازی کێشاوە.. هێشتا دڵی نەهێشاوە
سەراپا نازو نیانە.. ناسك بەدەن جوڵە جوانە
ورشەی چاوو خەندەی لێوی.. لەرەی سینەو لەرزەی سێوی
سەمای قژ لەنجەی بزێوی دڵی کێوی ئەکا کەوی
ئەو تیشکانەی بۆ ڕووی ئەکشێن.. ئەشکێنەوە بەرەو دادوەر
وەك  گەوهەرێکی مونەوەر.. سەرنجکێش و بەخت یاوەر
قەدی باداو گرتی لەنگەر.. تاجی جوانی نرایە سەر

کەف و کوڵ دامرکایەوە.. جمەی چەپڵە توایەوە .. چپەو سرتەسرت
زایەوە
لەلێشاوی ئەولێوانەی بەلێوی تۆ من ئەدوێنن .. لەئاپۆڕای ئەو
چاوانەی بەچاوی من تۆ ئەبینن
لەلافاوی هەستی منا.. نم نم ماچی نەرمەباران.. تەرزەی ڕژاوی
کۆساران
بۆزەنگیانەی ملی یاران .. تاڤگەی پڕاوی بناران.. بۆ کەژ کەژەی گوڵ
ڕوخساران
بەقولاپی چاوی خەیاڵ دەرئەهێنن.. خشڵی مێژووی جوانی تۆی پێ
ئەنەخشێنن
ئەوەی روویدا نواندێك بوو
گوزارشتی لەتۆ ئەکرد
سێبەرێك بوو لەو دیو پەردە
مەشقی هەتاوی تۆی ئەکرد
تۆ تاج بەخش و پێ بەخشراوی ..
سیحری سێبەرو هەتاوی..

# سەرنشینی کەژاوەی تۆم
# بۆ کام بەهشتەم ئەبەدی

نشینگەم کوێستانی سینەت.. کێلی گڵکۆم جووتە بەی
سەرخەوێکی باخەڵی تۆ.. نەك سەفای باخیدوبەی
لەم هەوارە بامیوان بم.. ئەمشەو بمرم تاسبەی
سپی نەعشم .. ڕنووی بەفرت.. بۆ خاڵ و بەڵەك ئەکەی
عاشقێکم شێت و شەیدا ..چەهچەهەی دڵ تاکو کەی
سەرنشینی کەژاوەی تۆم بۆ کام بەهەشتەم ئەبەی..!

٢٠١٦/١٢/١١

# سیحری جوانی

شەنگەبێری سینە والأو پشتێن شلی بەژن شۆڕ
چاوکەژاڵ وگەردن کەش و کەزیە لاری لەنجە پۆڕ
سیحری جوانی و سیڕڕی شیعری نەشئە بەخشی بەزم و کۆڕ
لەچۆمی کەوسەری عەشقا ماسی دڵم کەوتە تۆڕ
بێنیشانەم وێنە شێواو بوومە قەیسی گۆڕ بەگۆڕ..!

٢٠١٦/١٢/٢٠

# خوایە بۆ فرمێسکی دیدەم
# پیاڵەی چاوی خومار ناکا

لەدوورپیانی بقەو شەرم.. هەنسکی سڕ گوڵی گەرم

لەئاسمانی تەم و نما کولەکەی ڕۆح تەی بوو نەما

لەنێوانی ترس و تکا..زمزمی دڵ تك تك تکا

بەو ئەندازەی چاو بڕ دەکا

پەیکی چاوەڕێم ڕادەکا

یار نەهات و ڕوومان تێکا

تیرانگەوتەم تیمارم کا

نامەم سووتا تۆماری کا

خوایە بۆ فرمێسکی دیدەم

پیاڵەی چاوی خومار ناکا..

٢٠١٦/١١/٢٥

# بەهەناسەم ئەسوتێم و
# بەهەناسەت ئەشنێمەوە

بۆ بۆن و بەرامەی جوانیت بەفیڕۆچێ بەخۆڕایی
لەبازاڕی پێنەزانان هەڕاجی کەی هەرزان بایی
هەژارانە لەگەڵ عەشقێ هێلانەی ئەڤینێ چێکە
تا کە پیر بوویت تەنیا نەگری بۆ ڕابوردووی لەخۆبایی
ئەگەر ڕووی تۆ چەشنی مانگە بەپەڵە هەورێ پەست مەبە
چونکە روخسار ئاگرینی بەدوکەڵم قەڵس مەبە
کەخانەخوێی ماڵی دڵمی میوان دۆستبەو گەرم ئامێز
لەپێشوازی لانەوازان واکەنارگیرو سست مەبە
هەنگە زەردەی خۆش ئاهەنگم بۆ تەوافی لێوی خونچە
گۆپکەی هەلاڵان ئازادکە لەبەندی کەلەبچەو بوخچە
شنەی شیعرم عەتری بزووت گوڵ گوڵ وەربوو بەناوباخچە
گوڵاو گری نازپەروەرم چزووی دڵم تۆ ناگەزێ
خۆزگەم بەفری بەرهەتاوەو زەردەی لێوی تۆی تێئەزێ
لەسوێی سۆزی بەهاری ڕووت ئەتوێتەوە ئەرژێتە زێ

پەڕەی بەختم ڕاپێچ مەکە بۆ ناو گەرووی گێژەڵۆکە
بەچاو تەنگەی ڕێت هەڵئەچنم بەناو خێچکەی قومقومۆکە
دڵم کەف و کوڵی هەورەو لەناو مشتت بۆتە لۆکە
لەباخێکی شەوڕناوا هەرمێیەکی پاشەڕۆکە
بەهەناسەم ئەسوتێم و بەهەناسەت  ئەشنێمەوە
لێم گەڕێن باشاگەشکە بم لەعەشقا سەر ئەنێمەوە

شەوقی چاوت ورشەی رۆحم بۆ شاباشی یەك هەناسەت
ئەدات لەلێوی ئەستێرەی جیلوە بەخشی پڕ لەتاسەت
فێڵی چاوت لەپەرێزی مەشقی عەشقا بۆشم ئەگرێ
شەم پەروانە ئەسوتێنێ و پەیتا پەیتا بۆشی ئەگرێ..

٢٠١٦

# تۆ ئەو بەورەیت

بەفیچقەی میز سەرسنووری قەڵەمڕەویت.
لەسەر نەخشەی مەرزی عەشقم.. ئەنەخشێنێ
ئەو تەوارەیت.. لەئاسمانی چاوەکانما..
هێندەی حەوشەو سەربانەکەم..
شوێنێکی تەنیام نامێنێ..
باڵی بەسەردا نەخشێنێ..

٢٠١٨

# باڕی دڵم

باڕی دڵم بەساوایی کەوتە تەپکەو داوتەوە
هێندە گێل بووم وامئەزانی دێیتەوەو دەمدەیتەوە
گەردی کۆچت نیشتە سەر دڵ بارستەی ئەو کێوەیە
چوار وەرزەی زستانی تۆف و وەیشمەو کرێوەیە
بۆیە ئاشنام بەپایزو کزەو سۆزی هەناسەی
چونکە بۆنی دابڕان و نامرادی پێوەیە..

٢٠١٦-٢٠١٧

# لەگەڵ بەهار پێکەنیم گریام لەگەڵ پایزێ

وەرزی خەلە بەسەرچوو هەرێز بۆتە پەرێزێ
جوانی هات و تێپەڕی بولبول لەگوڵ دەبێزێ
لەگەڵ بەهار پێکەنیم گریام لەگەڵ پایزێ
دڵم هەر مەلۆتکەیە لەئامێزی ئازیزێ..

٢٠١٧

# گەر نازانی بابیزانی

گەر نازانی بابیزانی
چەند زرنگ و لەکارزانی
سەد هەندەش چەلەنگ و جوانی
نۆبەرەی بۆنی بەهارو شاکاری پەنجەی یەزدانی
بەلەنجە تاوسی حەوت ڕەنگ بەئەبرۆ شاپەڕی بازی
خۆم لەقەرەی چاوت نادەم نایشێوێنم تەنزی ڕازی
کەشەوقی ئەفسوونی ئەکشێت بۆ بەهەشتی سەرفرازی
زەردەخەنەت تریفەیە خوناوکەی پەڕی نازنازی
پرچت ئاوڕشمی ڕەنگاڵە تاڵ تاڵ پەخشە بەپەروازی
سەرسنگ و گەردنت نەخشاند چەند کارامەی بەفەنتازی..
بەژنت شەتڵە شلێرێکەو ڕێواسەی باخی شیرازی
جوڵەت ناخم ئەهەژێنێ و چ شیعرێکم لێ ئەخوازی
گفتوگۆت ئەم کاتە بەستەو خۆشت ژەنیاری ئاوازی
زەردەپەڕی خۆرنشێوم کازیوەت ئەمکا پێشوازی
ڕۆحت پەلکەزێڕینەیەو لەگەڵ گیانم ئەکا وازی
تۆ دەرچووی کۆلیژی عەشقی یا خوێندکاری تەلارسازی؟؟

٢٠١٧

# دڵم بەشیعرێ سپارد

دڵم بەشیعرێ سپارد
بۆ یارم نارد
بەڕێ کەوت
بەڕێکەوت.. لای ماڵی شۆخێ لێی کەوت
هەڵسایەوە هاواری کرد
بۆ فریادڕەسێ پەلەی کرد
یارم پەیدا بوو پەلی گرت
باوەشی کرد
بەکەزیەی باوەشێنی کرد
ئەی بێ ئاگا بەکام ڕێگادەنگم بگا بەبارەگا
من بەو دەرچەیەدا ئەچم
ئەگەر دەرچم.. یا تیاچم..

٢٠١٦

# بۆتۆ ژیام بۆخۆم مردم

لەو رۆژەوە سەیرت کردم.. خوا ئەزانێ چیت پێکردم
دینت لاداو دڵت بردم.. بەوتیرەی ئاڕاستەت کردم
جەرگت سمیم کرپە کرپ کسپەی هەستا خورپەت خستە ناو دڵمەوە
شێتت کردم
کەتیرەکەت دەرکردەوە دەرووی دۆزەخت کردەوە
تاشەرارەی مەرگت بردم
ئازارەکە بەسوێتر بوو.. زامی عەشق توێ توێتر بوو
کۆرپەی گریانت سڕ کردم
ناخت گرووم,, رۆحت رنیم هەتا گەرووم
لەبەفر کفنێکم بڕی و بەبالای بەهارا درووم
نەخشەرێگەی ئایندەمت بەبەختەکەی کلۆڵمەوە
فڕێ دایە کەشکۆڵمەوە.. ئەرۆم و وابەکۆڵمەوە
لەو رۆژەوە داتگیرساندم.. چیت پێ بەخشیم چیت لێستاندم
پەری خەونی فێرگەی وەفا.. ناوکی بڕیم لەپێخەفا
باجی دڵە رۆحم ئەیدا.. لەدادگا پاکتاوی سەودا
هەر عەشق بوو وایلێکردم.. بۆتۆ ژیام بۆخۆم مردم

٢٠١٦

# نەورۆزێکی دوکەڵاوی و کەرتیٚ مانگی ڕوخساری تۆ

چاوبگێڕەو گوێ ڕادێرە، کەهەنگاوت نایە ئێرە
دڵم ڕاخست بوو بە پێخوست پێت تێنەخست
تاکێ پەنجەرەت کردەوەو دەرگات لەڕووی میوان داخست
کارەبای شارێکت بڕی و هێڵی پەیوەندیت لەکارخست
نەستم تەڕبوو لەئارەقا لەبەر بای هەستت هەڵمخست
بۆ نازانی دڵی شاعیر کاتژمێری نیشتمانە
ساڵنامەی تەمەنی خۆرو هەرای شیوی کاکەشانە
شینی کۆچی چوار ئەستێرەی ئەشکڕیژی بێ ئاسمانە
پیری عەشقی .. لەخەڵوەتگەی بێ پەردەیە.. بابایەکی نادیدەیە..
فرمێسکێکی ئامادەیە
گەڕیدێکی ژەم بوردەیە.. میوانێکی ناوادەیە.. ئالودەیە بەبادەیە..
کەخۆشاوی تێکۆشانە.. لەسەر گڕی بەرخودانە..
خۆ ئەزانی ئاسۆی لێڵم نەورۆزێکی دوکەڵاوی و
کەرتیٚ مانگی روخساری تۆو زێدێکی ئازیزی هەیە
زستانێکی زەیستان و پایزێکی زیزی هەیە..
گەر تەوژمی چۆمی عەشقت ئەم خنکێنێت .. باسەر ئاوبم تاببمە
پەند..
بۆ لەقوژبنی پێچێکی گێژی گۆمی نادیدەییت وائەمکەیت بەند..

# لەخۆبایی.. واتێنەگەی!

دەف زەن.. نەی ژەن.. بێژن بەژن.. بێ بەژنی ژن
ئاوایی و شار کێوو کەژن.. چۆڵ و کپن خولیا کوژن
شەوی تەڵخە رۆژی جەژن.. پەنجەی تەوقە کۆڵوەژن
ناخمان ئەکەن سوژن هاژن..
بەدوو ڕوویی و نازی درۆ..بەس بێ و بڕۆ .. وائەزانی، کەنازانم..
بەچاوی تۆ
پەردەی شەرمت واشڕبووە.. بەدایکیشت ناکرێ پەڕۆ
خرووی ئەیڕۆ.. گڕووی ئەی بۆ.. وەك ماکی سۆ
لەدڵتایە لەگەڵتایە گەر بشمری لەگڵتایە.. چ جای ببیە پیرو خەڕۆ
جانتای قەدت لەشان داگرەو.. لەبەردەمما بیکەرەوە
باتفێکی تفتی تێکەم.. وەك دیاری بەیادگاری هەڵی بگرەو بیبەرەوە
مەڵێ ژینگەی عەشقت پیس کرد.. لەگێژەنی ئەم جێژوانە
هەرچی شاعیر بیڵێ ڕاستە..هەرچی عاشق بیکا جوانە
لاوان پۆل پۆل ڕاوەستاون.. دەستە دەستە داگیرساون
وەك دەستە مۆم بۆ پێشوازیت..
لەخۆبایی واتێنەگەی منیش دەستەمۆم بۆ وازیت..
من گوناهکار تۆ گوناهبار.. لای کێ ببینە تۆبەکار
بۆ دیواری بەندی بەدکار.. کاممان بکەر کاممان بەرکار
من خەڵەفاو تۆ خەڵەتاو.. بۆ قومێ ئاوی بەجێماو
لەسەرابی عەشقێ خنکاو؟؟
٢٠١٥

# داڵی دڵم وانابینم نیشتمانێ کەلاکی بێ

من خۆرەتاو وانابینم، کە هەر گەرمی و رووناکی بێ
ئەمن شەوگار وانابینم، کە هەر رەش و تاریکی بێ
هیچ ڕوبارێ  وا نابینم تا مل بنێ بەپاکی بێ
سەرگەشتە بێ بەرەو دەریاو کەنارێکی نارێکی بێ
سەرۆکێ نابینم تاسەر کەبەرگی رۆحی خاکی بێ
لرفەی لافاوی نارەوا بۆ ڕوخانەو موغاکی بێ
لەسندوقی خانەی دادا بۆ هەژاران پیتاکی بێ
کەوەرچەرخان پێی کرد واژوو، سیمایەکی بێباکی بێ
وەکو وەڵامێك بۆ مێژوو قەباڵەی ئەستۆپاکی بێ
داڵی دڵم وانابینم نیشتمانێ کەلاکی بێ
لوتکەی هەزار بەهەزارو دەشتی کاکی بەکاکی بێ
باڵای نەمامێ نابینم سێ باخەوان خەریکی بێ
سەما بکا لەگەڵ شەوباو جووتێ لیمۆی فەریکی بێ
شەو لەمیحرابی ئەدەبدا ئیحرامی شیعرێ ئەبەستم
دەرگای کەعبەی دڵ داناخەم تانوێژی پێ دانەبەستم
لەحۆلانەی ڕەشماڵێکا کۆرپەی شیعرم ئەلاوێنم
هەڵئەنیشم چەشنی شەونم، کە هەتاو هەنگوت نامێنم

٢٠١٦

# چاوی دڵت داگیرسێنه

چاوێك جوانه نیشان پێك بێ و ئاسۆ بەرین
مەست و خومار
خەواڵوی خەونێکی شیرین
هەنگوینی بێ
یاسەوزی کاڵی ئاماڵ شین
گزنگ رێژ بێ
بەسۆمای خۆرێکی زێڕین
ورشە روون و
پڕ لەرەی قولْپی پێکەنین
چاوێکی رەش
گەشتر لەرەش.. بەلاَم نەخشین
ئەفسوناوی و
لێوان لێوی سیحری ئەوین
نەشئەبەخشی
دڵ و گیانەو بەهاری ژین
گرنگ نییه
موسڵمان بی یاغەیرە دین
کاتێ روخساری ئەنوێنێ

سیلەی چاوێ ئەخەوێنی

ئەزانی چۆنم ئەدوێنی

هەوای رۆحم ئەجوڵێنی

کۆرپەی دڵم رائەژێنی

خەو و خەیاڵم ئەفڕێنی

توخواکیژی روخسار شەرمن

گەر سەرنجێکت دایە من

چاوی دڵت داگیرسێنە

کلێپە لە رۆحم هەڵسێنە

خەلەی خەمم بسووتێنە..

٢٠١٦/٤/١٧

# لەشابسکی پەریزادێ

وەکو تۆڕی جاڵجاڵۆکە دەرو بانی خۆم تەنیوە
لەرەی رایەڵەی هەواڵم مژدەی خۆشی پێم بەخشیوە
لەراوگەی قەڵەم رەویما تەڵەو داوم راچەنیوە
لەتەنیاییم بەیادی تۆ زۆر خەونی سەیرم بینیوە
شەوێ دزەم کردە بەهەشت باسەفایەکە خەملێوە
لەشابسکی پەریزادێ چەپکە چنوورم چنیوە
حەفتاو یەك حۆریم ژماردو نەموت حەفتاو دوو لەکوێیە
زانیم شیرینەکەی منەو هەواری لەشنرۆیێیە..

٢٠١٦

# سوخمەی سەرسنگ و بەرۆک

تیلماسکە لێواری سوخمە  جووتە لێوی هێلّی بەفراو
تونکەی ئارەقەو بریقە   نەخشان ئەستێرەو خۆرەتاو
راست و چەپ و تەریب وەستاو وەك دەندەی مشار لەباغدا
مانگەشەو دیجلە کەوتە رێ و دوو کەرتی کرد شاری بەغدا

٢٠١٦

# کەی وانەبووی؟

کاتێ پۆستەری هەنگاوت بەدەم رێ وە بەجێدێڵی
درزێ ئەخەیتە سەر سینەو ناخی دڵی من ئەکێڵی
سێبەری بەژنت دێ و دەڕوا هەتاوی عەشقم ئەشێلێ
لەکەژاوەی خێڵی شەم دای وەلی جێدێڵی بەوێڵی
عەتری لێوت بافڕاندی و بولبولی دڵ کەوتە دووی
برژانگت نێزە ڕیز وەستاو ئەبرۆت لەجەرگم ئەسووی
گۆشەی چاوت پەنای گرت و تەواری لەنگەر گرتووی
لەرەی پرچ و لارو لەنجەت سەمای پەڕو توکی قووی
لەرینەوەی حەوزی روون و شنەی باخی تەرزە رووی
شناوەی بەژنی نەیلوفەڕ لاولاوی بالأی سەرووی
کەنێرەی رۆخی جۆبارو بارێزەی شاخی کەتووی
جریوەی مەلی نەخشاوی سەردارەتووی دۆڵ پەمووی
گوڵووکی دیدە ژاکاوی ناو دڕك و داڵ و دڕووی
بۆ هەورازی ڕێی تەمەنم شنەی شیوبای دەم دەرووی
تۆی هاوڕازی ژێی زەمەنم ئاوازی وێستگەی پشووی
کارگی سەر سینەی سینی رۆح کوا لەناو دڵدا کەڕووی..!
لەناخی خاکی ئەوینما ڕەگ و ریشەی داربەڕووی
قوڵپی زیوی قاڵی عەشقی و لەخۆری رۆحم هەڵچووی

چرای ناو کەپری هەوارو سۆزی بلوێری وسووی

نیشتمانم ئاوو گڵمە و بەناز خۆی تێهەڵئەسووی

تۆ ئەفسانەی شیعری منی یاسیحرو جادووی خەسووی

ئەمکەیتە دانەی قولاپ و خۆت مەلاحی تەتەسووی

ئاهەنگی شەوی هیجران و پێکی وەسڵی رووبەرووی

مەڵێ بەتەنیا رێ ئەکەم لەگەڵ دڵما دووبەدووی

تۆ سوارو من پیادە تۆ بۆمن کەی وانەبووی

تۆ بۆمن کەی وانەبووی..!

٢٠١٦/٢/١١

# بۆ ڕاماویت؟

بۆ ڕاماویت چاوەڕێی چیت.. پرسیار لەمردووەکان ئەکەیت
یا وەڵامی پرسیاری مردووەکان ئەدەیتەوە..
سەرسامی چیت ئەی بەستەزمان.. سەربڵند کە بۆ ئاسمان
بەرۆژ تەنیا خۆرێك هەیە..
ساڵ دوانزەی مانگ چاوشارکێت لەگەڵدا ئەکات
یاتۆ خۆ لەو ئەپارێزیت یا ئەو خۆی لێت بزر ئەکات
بەشەو تەنیا هەیڤێك هەیە..
سی شەو چاوی تێئەبڕیت و زیندە خەونت ئەیخەوێنێ
کەچی ئەو کەمتر لەسێ شەو بەتابانی خۆی ئەنوێنێ
ئەقوپێ و ئەپووکێتەوە.. کەچ ئەبێت و ئەتوێتەوە..
وەك تروسکەی دڵی شاعیر سەرلەنوێ ئەگەشێتەوە
هەموو تەمەنت چوار وەرزە، کە دووبارە ئەبێتەوە
چڵی وەریوی پایزەو لەبەهارا ئەکولێتەوە
تیری خواستت بەرێکەوت و بەرەو کەوان ئەخولێتەوە
تا هەست بە ونبوونت نەکەی دیارە خۆت نادۆزیتەوە
بەرزی باڵات دەرناکەوێ مەگەر کاتێ هەستیتەوە..
هەموو ئاواتت کیژێکە شێتت ئەکا پێشت بگا
پیر ئەبیت و عاقڵ نابێ و لێت تێناگا..
بێ دڵی پڕ رازو ئەوین بۆچی لەخاکا بنەوین..!
ئەی دڵ هەر بەوەفای عەشق بۆ عاشقان بوویتە سەرمەشق

٢٠١٦

# ئەم لەشكرە لەشەكرە

كلۆ كلۆو كلوو كلو
بەفر وەك لۆكەو تووكی قو
باری لەسەر سەرو لەشم
سپیواش بوو شەوی رەشم
بەكۆڵ بە كۆش بەباوەشم
كێشەوە ئەكەم لەبەشم
هۆ منالآنی چاوگەشم
كێتان ئەبێتە هاوبەشم
قەلآكەین شارای كۆششم
سبەینێ رۆژی خۆمانە
قوتكەینەوە مۆزەخانە
ئەم باسكۆڵ و گۆڕەپانە
هەر بۆ و پێشەنگەیە جوانە
بەپەیكەری كەشخەو بەرچاو
دیزەو گۆزەڵەی بەجێماو
ورچی سپی و بتی شكاو
لێرەو لەوێ پەرش و بلآو
سەربازو فیل ئەسپ و قەلآ
بابانوئێڵی ناقولآ
ئەم لەشكرە لەشەكرە
ناخیان لەروویان پاكترە
تاو تاو لەبەر تیشكی هەتاو
ئەتوێنەوەو ئەبنەوە ئاو
٢٠١٦

# ساباتی هەواری شیعرم

ساباتی هەواری شیعرم بابوێرە
ئەم پەنایە ئاسوودەیە بێرە ئێرە
ڕێی هەرێمی کابووسەکان.. زەنوێرێکی پڕ هەڵدێرە
خەڵوەتگەکەی ڕەزاشێخە.. زۆنگێکی بێ خێرو بێرە
بەرازو سەگ ختکی نەوسنی پێ فێرە
بگرەو بەردەو تێکەو لێکەی ئاشی بایە
یاتەپوتۆزی گاو گێڕە
مرقەو نقەو قرچەشکێنی ناو تەویلەو
باڵەخشکێی کەڵەشێرە
کۆڕی زیکری شەوەزەنگی زەرگ بازو
شێر وەشێنی شەل و کوێرە
سفرەی تەکیەی ئەو چڵێسی لەڕی پیرە
وەك زەخرەفەی قەپی ق..و قلْفی ق.. و قەفی ك..

٢٠١٦

# کاژێری عەشقم هێشتا چارەکە

هەرێمی دڵم تەنگ و تاریکە

ئازیز واچاکە هەڵکەیت چراکە

حەکیمی حاڵزان رێگە دەرناکا

وەفاو ئەمەکێ بۆ دڵنەواییم

بەپەنجەت پێیکە مۆمی تەنیاییم

دەنگێ دێ زەنگی کاروانی مەرگە

تەتەر بەڕێوە وەك لوورەی گورگە

حەیفە نابیستێ گوناح نازانێ

ناپرسێت تێچووی ئەم کۆچەت کوانێ

کازیوەی رۆحم دەردم چارەکە

کاژێری عەشقم هێشتا چارەکە

بەختم چوو لەگەڵ بەفری پارەکە

بۆو گەردن بەندەت نیمە پارەکە

گەوهەری دڵم پارە پارەکە

٢٠١٥

# لەهەر چاوێکی جوانا..
# لەچاوی هەر جوانێکا

وەك ماسی پێچی چۆم و گۆم.. عەودالْم لەدوای بەختی خۆم
چەورو چلْکن وەك بێچوە دۆم.. هەرخۆم وەلێسم تێر ئەخۆم
کەپیربووم لاوازو پشتکۆم.. ئەڕۆم لەسەر نەخشەی ئەژنۆم
سینەم پڕ ڕەژووی مێژووە.. چاو لەڕێی تیشکێکی پشکۆم
کاتێ ئەتوێمەوە وەك مۆم.. هەر خۆمم ئەبمەوە بەخۆم
گەرچی لەژێر باری نسکۆم.. بەهێندەی بالأی تۆ شکۆم
خۆری عەشق ئاوانابێ و لەسێبەری وەفام دەڕۆم
لەکانیاوی حەزو جوانی دلْ شەلأڵە و چاوم ئەشۆم
خەمی بێخەمیت خووە لام لەخانەی خەوم تەوەللام
خەیالْی تۆ بۆتە خولیام خەندە خنکاو و ڕەنجەڕۆم
کوشتەی گفتی ڕاستی و درۆم.. ئەوە منم نەوەك ئەتۆم ..
تاوەملاوێنی دەستەمۆم
چەنەی عومر هەلْتەکێنە.. ریشی هۆمەر مەتەکێنە
گەردی سمی ئەسپی نیشتە ریشی پاپاو قەیسەری رۆم
لەهەر چاوێکی جوانا.. گۆڕستانێکی بێ پەرژین ..
بەئەندازەی پانتایی ژین لەچاوی هەر جوانێکا .. نەخشەی شارێکی
خامۆش..و خۆڵەمێشی پێچاوپێچی

ڕێچكەی هەوارێكی چۆڵ و ئاگردانێكی بێ تین و دڵێكی شكاو ئەبینم..

ژیان شیتەڵ ئەبێتەوە.. سەرلەنوێ ئەڕێسرێتەوە..

ئەنوسرێ و ئەسڕڕێتەوە..

وچانێك بۆ حەسانەوە.. تەكانێك بۆ هەستانەوە

ڕوخانێك دوای وەستانەوە.. كاروانە بێ پسانەوە

بەلاّم لانەی حەوانەوە.. هەواری تاسەرمانەوە.. گۆڕێكە بۆ سەرنانەوە

ئەگەر درەنگ ئەگەر زووە.. بۆ هەمووومان دەستی دووە

چەمكی دووبارە ماندووە.. هەر وائەبێ و هەر وابووە

مەلی رۆحم گولّی ژینی پێیە بۆتۆ هێلانەی رۆحت پەنهانە پەی پێنابا

خۆزگەو تینم

نەئەم بینی نە ئەتبیم

كەسێ عەشق و ئەوینێكی شك نەبرد، نەزیندووە نەمردووە.. وەك

بێخەمێ بەبێ خەونێ لێی خەوتووە .. بەدینم

٢٠١٥

# پشکۆی لێوت جەرگی برژان

چنووری یاڵ و سەرکەژان
عەتری لەزوڵفی یار پژان
بارێزەی رەفازو رازان
بەمەشقی کەزیەی رادەژان
وەنەوشەش بۆ خاڵ هاتە ژان
بۆنی جێژوانی ورووژان
سوێسکەی سرکی کەڤرو لێژان
ویتەو جریوەی ناوبێژان
قاسپەی کەو لەبەرزی تەژان
وەك زیرەك شای بەستە بێژان
خۆشبوو هەواری بوێژان
دڵخواز دڵداری نەبوژان
خولیای ناخ و هەستی کیژان
دڵیان راپێچامە گێژان
دلاَن جەم بوونو رۆح هەژان
پێك کەفی کرد بادە رژان
هەق و ناهەق پێکهەڵپرژان
چوویتە بەرەی عەشق کوژان
پشکۆی لێوت جەرگی برژان

٢٠١٥

# لەسندوقی چاوی ڕەشیا

هێشتاکە دنیا بوولێڵە ویژەی بایەو کۆچی خێڵە
بەژنی ئاسمان تاڤگەیەکە لەلێزمەو شەستەو رەهێڵە
قامچی بروسکە خێوی هەور تاو ئەدات و بۆ قەدەری مەرگم وێڵە
بەدگۆ مالۆسی مەلاسی ناو نسرمی گوێچکەی دێڵە
رەچەڵەکی خەونم ترسەو مارە دووی یەك چەوتە هێڵە
ماکی جوانیت لەخانەی عیشقی پەتیما هێلانەی ئەڤینی چێکرد
راوکەی ئەوینی داناوە وەك وەفایەك وچانێك بەو جێم مەهێڵە
سەری سەودام دڵەی شەیدام بەهەر لا بسپێریت فێڵە
زێدی ڤینۆس و بەلقیس و کیلیۆپاترام پێ مەکێڵە
جووڵەی جوانیت عەشقی کێش کرد شۆڕەسوارێکی جحێلە
لەبەهار بەندی تەمەنما حیلەی ئەسپێکی کحێلە
لەشەوپەڕو کەو بوارا لەبەزمی راوو شکارا بازێکی سپی تەوێڵە
بۆم مەگەڕێن، کە گوم گەشتەی کیشوەرێکی چۆڵەوانم
لێم مەپرسن لەکام وێستگەی دووڕیانێکا چەند لەمێژە چاوەڕوانم
لەسندوقی چاوی ڕەشیا پارێزراوە ناونیشانم

٢٠١٥

# ئەی یار

یەزدان عەشقی پێبەخشیم و تۆ خۆشەویستیت پێڕەوا نەدیم
ئەی یار..
چاوت بازی دەستەمۆ بوو ئێستە لێم بۆتە گورگی هار ئەی یار
ئەو تەمەنەی بێ تۆ رۆیی سالآنێکن بەبێ بەهار ئەی یار
نەشیرینیت تێرم ئەکا و نەتاڵیشت ئەمکا بێزار ئەی یار
قووتی عەشقە مەمرەو مەژی سالَ بەسالێ خۆزگە بەپار ئەی یار..
شاعیر هۆشیارێکی مەستەو بەندێریش مەستێکی هۆشیار ئەی یار..
شەنگە گولی کوێستان نشین راپێچرایتە بازاڕی شار ئەی یار
پەتای رۆژگار تۆشی تووشکرد وانادیدە واکەچ وەفا وەها بێبار ئەی یار..
خەمی عەشقە بۆتە هەنار بەدانەیەك بەدەنگ هەزار
نازی گولی ناریش جارجار بێوەفاش بۆتە سەربار ئەی یار
چاوی عەشقە هەردەم بێدار وەك کاتژمێری قەد دیوار
ترپەی دلم ئەکا ئەژمار ئەی یار..
تفێ هەلدە بۆ زاری مار شەق بۆ قەپی دەمی کەمتیار بزمار بۆ تابوتی بەدکار ئەی یار..
نزاو سکالآم ڕچەی بەست کشا بۆ عەرشی گردگار ئەی یار..

چاڵی چاوم لێت پڕنابێ لەبەهرەی جوانیت تێرنابێ کۆجیلەی دڵم تەڕ نابێ

ئەی رۆحم چۆن تەسەللای بێ ئەی یار..

کەبەهەوای سەودای هەودای هەناسەیەك لەسینەمدا واوابەستەیەو گرفتار

ئالوودەیە و نایبێ قوتار، هاوار ئەی یار.. کەزییە لاری شیرین گفتار

تا زستانی سڕی مەیلت.. لەڕووی هاوینی دڵمدا چاو لێك بنێ و بێباکانە لەمەیدانا سەنگەر بگرێ

سۆزی پایزی هەناسەم ..چەشنی حەیرانێکی حەزین..

بەسەر بەهاری عەیاری حەکەیتا لەئاسمانا لەنگەر ئەگرێ ..

ئەی یار ..ئەی یار..

٢٠١٤

# هاوڕێ بووین و هاوڕانەبووین

ئێمە گەڵ کاروانێ کەوتین هاوڕێ بووین و هاوڕانەبووین
خۆری هیوای ئاسۆی نوێ بووین ئاوابووین و ئاوانەبووین
لەلانەیەك بەڕەڵلا بووین بەڵابووین و باڵانەبووین
گۆشی کۆشی نیشتمانی خاوەن دارو ئاڵا نەبووین
لەهەنگاونان و بەرخودان بزۆز بووین و دەست بار نەبووین
بۆزە دێزی دزێو بووینو بەزیو بووین و بزێو نەبووین
سورە چناری مەکۆیەکین وەقفی هیچ مزگەوتێ نەبووین
چۆمی خەمی نەتەوەیەك ئەخۆینەوەو پاراو نەبووین
بەهەوێنی ئەوین مەیین بزڕکانمان ڕەوا نەبوو
لەبەر بارانی گومەزێ خوساین و دڵمان تەڕ نەبوو..

٢٠١٤

# وردە عەرەقى ڕووى يار

تەرزەى تەزيوى زيوە.. لەبەرزى دابەزيوە

چين چين و زەنگولْ زەنگولْ.. باريوە لەكازيوە

نمەى عەرەق هاتە خوار.. ئەستێرەى راخزيوە

تەزووى ئەفسوونى بێسيم.. بەدلْما هەلْزنيوە

بورجى عەشقم داگيرسا.. تەرزى رۆحم لەرزيوە

لەباخى نازپەروەرا  ميوەى جوانى چنيوە

لەگەلْ گزنگى خۆرا گولْێكەو پێكەنيوە

بۆ خانەى خوا پێداوێ نيگاى سركى فڕيوە

پەيكى باباى عەيارەو تەنگەى رێى هەلْچنيوە

ديوارى گوێچكەى دلْى بەچپەيەك سميوە

خەلاْتى مەيلى لەيلى بەبەر مەجنون بڕيوە

جوانووى لاويمى گلاند،كەولْەكەى دارِنيوە

جەرگى بڕيم بۆ پەچەو بەپەرچەمياى جنيوە

بەپەنجەى نازەنينى تارى دلْمى ژەنيوە

خشلْى شەوانى ئاسمان وەك گولْشەنى چراخان .. لەگەنجينەى كەس نەزان

نوورى چراوگى پەنهان .. لەچاوى شەو بێداران .. وەك پەيامى دلْداران

بێ سريوەو زريوە .. بەشەو بايەك دزيوە..

بێ هیچ کۆسپ و لەمپەرێ.. ورشەی دای لەکیشوەری
رۆح هەنگوتو دڵ بزووت..چاو ڕێی ناداتە دەرێ..
فەرتەنەیەو قەوماوە
عالەم واقی وڕماوە
کێیە، کەبەختی زاوە.. بەختەکی بۆتە زاوا
قەیسەر خەوی زڕاوە
هەچەی نیوە زەڕیوە
بەچەی جەنگی بەزیوە
گۆڵی لەقوڕگەو زیوە
کەڵی بەزمی خەسیوە
شاعیر ئەڵێی هەتیوە
خونچەی نازی وەریوە
حەوت تەمەنی بڕیوە
هەر لەخەم نەڕەخسیوە
بەرگی بەری دوو دیوە
هەر بەفرو گەزۆی دیوە
نەخشەی شێوەی شیرینت
بەکام تەونە تەنیوە..
٢٠١٥

# باڕەوا بێ کاڵبوونەوەم

باڕەوا بێ کاڵبوونەوەم وەك ئەتەوێ ..
سڕینەوەم لەگەڕانتا .. لەخەیاڵتا لێرەو لەوێ
لەپێناوی ئەو شاسوارەی خۆشت ئەوێ
گەرچی لەبای وادە پەستم
پەیامت ناداتە دەستم
بەلاّم شێتانە پەیوەستم
بەپەیڤی ڕاست و دروستم
بڕستی هەنگاوی سستم
ڕێی ویستم وێستگەی مەبەستم
مینای گەردنی هەڵۆێستم
زەنەی ئاوبارەی هەڵبەستم
بۆبادەی دیدارت مەستم
کانی نەستم تاڤگەی هەستم خۆشەویستم
توو ئەو خوایەی ئەیپەرستم
گەر نەترسم لێت ئەپرسم
بەخۆشتەوە لەکۆن و نوێ
کەست دیوە بەوێنەی من تۆی خۆشبوێ

**٢٠١٤**

# هەستی برسیم

رۆژ وابیێت و شەو وا بڕوا
بەخەبەربم یا لەخەوا
لەسەر زەوی یا لەحەوا
لەهەر سوچێکی ماڵی خوا
هەستی برسیم ناخم ئەخوا
لەناو چەقی کەعبەی دڵمای
خوێن بەدەورەتدا خول ئەخوا..

٢٠١٥

***************

# بەە بەە

توێیەکی سوك و تەنك خونچەی دەمی تەنیوە
ئەڵێی گەزۆی سروشتە سەرلەبەیان باریوە
هەنگی هەڵبەست هەڵفری هەلآلەی لێ دزیوە
بەە بەە لەم شانە شیلەی بۆ لێوی تۆم بڕیوە!!

٢٠١٨

# بەکەم مەگرە

گەرتۆ بمری منیش دەمرم دەسبەجێ
کەمن مردم میراتی دڵ بۆتۆ دێ
ئاهی سەردو فرمێسکی هەڵوەریوم بەکەم مەگرە ئەزیزم
تا پایزی دوورو تەڕ بێ جوانتر ئەبێ زەردە بێ..
★★★★★★★★★★★★★★★★★

# ئەگەر جارێ

ئەگەر جارێ وەك رێبوارێ گوێ لە گمەی کۆتری سینەم بەدڵ بگری
بۆسەربوردەی زامداربوون و لانەوازەی مەلی عەشقم بەکوڵ ئەگری
لەجەژنی دارو درەخت و ئاهەنگی یەکتر ناسینا ژینگەم زێدی
دیرۆکێکی غەوارەیەو
لێڕە وارم لێرەو لەوێ داری خورمای هێشووی تاڵ و دارستانی بەڕووی
شیرین
دانە دانەو دوو دوو ئەگرێ..
٢٠١٥

# چوارینەو تابلۆ شیعرییەکان

## ٢٠١٥-٢٠١٦

گەڵی هەستی تەنزامێزم لەناخی خۆما خنکان
تاجی شیعرم لەپێناوی ئەو گوڵە کردە گوڵدان
جەمشید جمی و ئێرانی شا شاهی ئێرانی روخان
شاری وشە کەوتە جووڵە خرۆشاولێم هاتەژان

*******

بۆی هەناسەت لەتەك شەماڵ لەگەشتا
گوڵی بزواند لەمێرگ و چۆڵ و دەشتا
خۆزگەم بەوەی دڵکێشی مەیلی تۆیە
سەفیرێکە لەناو باخی بەهەشتا..

*******

بەخەندەی تۆ خونچە دەمی کردەوە
بوخچەی ڕازی بەڕووی بولبول کردەوە
شەوقی جوانیت ڕووماڵی گوڵشەنی کرد
گرەو دڵ بوو، کەچی رۆحت بردەوە..

********

بەهەتاوی زەردەخەنەی بەهاری رووت
باخچەی شیعرم گەشایەوەو گوڵی پشکوت
پێکی چاوت پڕ بادەیە ئامادەیە لێوم بزووت
خۆڵی کوانووت بوو بە زەمرووت ڕەژووی تەڕم بوو بەبزووت..

لەلێوی تەڕو پاراوت خەندەیە
باخۆ وەخوا هەرچی دڵی گەندەیە
لەتاراوگەی دورگەی چاوت بەڕۆژووم
پەرێشانی قومێ ئاوبم دەخیلت بم مەمدەیە..

جار بەجارێ دەرکەوتن و لەنجەیە
بەسەر دڵما نەخش و مۆری پەنجەیە
رۆژی رووت چین چین عەرەقەی شەرمی پێ ڕشتم
باوچانێ لێمدا شنەو سایەی ئەو ئەگریجەیە

لەچاوی مەست و نازاوت گزنگێ
کەنگێ ویستت لێدەدا بۆ دلێ زەنگێ
بەزمزمی دەم و لێوت دەم تەڕکەم
زەمزەمەی کەوسەرم پێکا بەسەنگێ

دنیا گوڵبارانی ماچە بەمن چی
پارك و وێستگە پڕن لەهەرچی و پەرچی
گەوهەری رۆح و گوێ هونەرە داخەکەم
وابازاڕی دەگێڕی هەرزە چەرچی

*********

زۆر جووڵەی جوان لەرۆحمدا سوڕایەوە

زۆر شەوقی جوان لەچاوانما توایەوە

زۆر دیدارم بەڕێ کردو ڕۆیشت و نەگەڕایەوە

دەرگای پرسیار والاّ نەبوو زۆر وەلاّمم لامایەوە..

*******

هەرچی هەتاو ڕەنگرێژیکا لێزمەی باران ئەیشواتەوە

دەریای عەدەم دوورو نزیك چۆمی تەمەن ئەخواتەوە

ئەوەی ژیان پێمی بەخشی لەخولیاو ڕەنج و وەفاو جوانی

بۆشاباشی زەمەن تەمەن یەك بەیەکی پێچایەوە

**********

ژیان قەرزێك بێ و گیان ئەمانەت بێت

جوانیش وەرزێك بێ و دیاری نیوەی ڕێت

حەیفە ئەسپاردەی نەکەی بەعەشقێ

کەلەناوەختا نازانی کەی دێت..

********

لەناو خاکی پەژارەدا نەمامی تەمەن ڕواوە

بەنۆراوو بەختە باران جارجار قەدی تەڕ کراوە

پەروەردەی ژینگەی کێبڕکێ و چاولێکەریمان هەرباوە

خونچەی خەفەت میوەی ناسۆر چیتڕت ئەوی لەباوە

*********

هەر بەم عیشقەوە رێ ئەگرم سەد ساڵی تریش تەمەن بێ

دیارە بەم ئێشەوە ئەمرم ئیستام کۆتایی زەمەن بێ

تۆ نەگەنجی نەمنالێ شووشەی داخراوی بەتاڵی

لەگەمەی دڵ نابی حاڵی

گەر هەڵکەیت مۆمی چل ساڵی

لەلای من هەر چواردە ساڵی

٢٠١٦

١٤ = بە ٤٠

# ئەگەر مێژوو بسڕیەوە

بەدەم ڕێگەی تەمەنمەوە کە هەنگاوم هەڵدێنمەوە
بۆ مۆزەخانەی خاپوورم عەنتیکەی ون ئەهێنمەوە
لەگریەو ناڵەی تواوەدا چەند فرمێسکێ ئەهۆنمەوە
لەخەرمان و ڕەزی سوتاو مشتاخێ تر ئەنێمەوە
برژانگە وەریوەکانی چاوی مێژوو بێ ناونیشان و بێ واژوو
پەرش و ڕژاو لەم لاو لای رێ بەتیشکی چاوی چرزیوم ئەچنمەوە
هەناسە سارد کەدێمەوە لەبەردەمی ئاگردانی خەمی
پڕ خۆڵەمێش و سڕو سۆ.. دەستەو ئەژنۆ
سەری کاسم بەسەر دڵی شەکەتمدا ئەنێمەوە
ئەوەی بینیم ئەوەی بیستم ئەینووسم و ئەیڵێمەوە
ئەگەر مێژوو بسڕمەوە و بەویستی خۆم بینووسمەوە
داستانەکەی گلگامشم لەسەر میلی حاموڕابی
ئەنەخشاندو لەعەرشی کۆرشی ئێرانا هەڵم ئەناو
بەهۆزانڤانی نادیدە حیکایەت خوانی گەڕیدە
بەهۆمیرۆس ئەمخوێندەوە
تا ئەسکەندەری پڕ هونەر ئەو سەرکێشەی بەجەنگ و شەڕ
بێدەردی سەر زاتی نەبێ ببا زەفەر بەچامەکەی ئیلیادەوە بەئاسیادا
بکا گوزەر..
٢٠١٣

# بەدەرکەوتنی دڵم راچەنی

خەیاڵ ئەم کاتە هەجیجی و چەرچی
وێڵ و سەرگەشتەم بۆ کۆچی پرچی
دیسان هەڵی کرد شەماڵی خەیاڵ
دەرك و رێ و بانی یاری کرد ڕووماڵ
خوایە بۆ خاتر دوعای کەڕوالڵ
بەپاکی زارۆدێتە گڕوگاڵ
بەڕەنجی هەژار بەڕۆزی حەلاڵ
بەبێ نەوایان بەڕووتو ڕەجاڵ
بەپاڕانەوەم رۆژو مانگ و ساڵ
بەقوڵپی شیعرم رەوان و زوڵاڵ
ئەمرۆلەکەلار هەڵکەیت بای شەماڵ
بەڵکو نەشەمزێت گوڵی رومەت ئاڵ
حەیفە بژاکێت زوڵف و باڵاکەی
خوایە ئەو شۆخە دوور لەبەلاکەی
بەدەرکەوتنی دڵم ڕاچەنی
باخەوانی بم بکەم گوڵچنی
بریا شانەبام بۆناو پەرچەمی
کاشکی کەوچك بام بۆ دەست و دەمی
خۆزگە ئاوێنەی ڕوو نوێنی بام
بەشەو هاوڕازوبەڕۆژ هاودەمی

٢٠١٢

# گەردن بڵند

چاو هەڵێنەو سەرهەڵبڕە.. گەردن بڵند .. گەر سەرپێیش لێم بڕوانی
سێبەری هەوری هاوینەی.. چش جێی متمانەو بڕوانی
نۆرەبەندو خورەی شیعرم تابلۆی نیگاری نەخشانی
دەبنەوە بەستەی دەماودەم وەکو بەیتی بەردەشانی
لەمێرگی بەهەشتی خوادا جوانوو ماینێکی قەشانی
لەبت خانەی پرسگەی دڵ بەرپرسێکی بێنیشانی
لەبتخانەی پەرستگای دڵ تۆ بتی تەور بەشانی
کێ پێی خستە ناو سەرای دڵ هەرچی پەیکەر بوو شکانی
کاتێ زرێی جەنگت پۆشی و بادەی تووڕەبوونت نۆشی کوا مانای ئاشتی ئەزانی؟
حاکمێکی بێ عەدالەت پاشایەکی بێ ئیمانی
گرشەی هەسارەی راخزیو ورشەی ئەستێرەی بەیانی
چاوگی ئاوی زیندەگی و تریفەی مانگی تابانی
ئاگرێکی داگیرساوی مەشخەڵێکی هەڵایساوی
لەژیلەمۆی دێر زەمانی ئاگردانی زەردەشتییەکان بەجێماوی
یائەو نوورەی لەلۆکسی ناو گۆڤەندو گەڕیانی شەوشایی جنان وەرگیراوی

سەیرە، کەخۆت ناسوتێیت و تالێم دوور بیت تینت زیاتر ئەم بوورێنێ
بۆ نەورۆزی هەموو ساڵێك چەپکێك نێرگزی چاوسپی و مشتێ
خۆڵەمێش ئەهێنی
ئەی چاو مەستی ناو هەڵبەستی پڕ لەهەست و بەژن شۆڕی دیوانەکەم
ترپەی تنۆکەی وەریوی دڵەی وێڵ و دێوانەکەم
پێڵوی ئاسۆی بەرپەنجەرەو خۆرەتاوی هەیوانەکەم
راگری کۆلیژی عەشقم ئەبێ رەوان بێ وانەکەم
بم گرێنێت هاوار ئەکەم ئەی چی بکەم گەر وانەکەم
ئەی بارانێ لەخوناوکەی ئەرخەوانەکەی سەرگۆڕم
تانیشتمان ئەوینمان بێت وەفای پەیمانم ناگۆڕم

٢٠١٣/١/١٠

# ڤالانتاین

لەڕۆژی ڤالانتاینا
لەبەختی خۆم یارم دوور بوو
لەلێویا ماچێکی نەخشاند
لام جوانترین گوڵی سوور بوو!!

٢٠١٧

# لەمەحشەرا کاتێ جەم بووین

ڕێی مردام کانی عەشقە.. کەڕێی تری لێ دەرناچێ
لەکاروان سەرای وەرزەکان .. بەهارێکە بەسەرناچێ
ترس و پەلەی مەرگم نییە.. سەرەم دێت و لەبەر ناچێ
ناکامی پەنجەو لێوی دڵ.. حەسرەتێکە لەبیرناچێ
عەشق و تەمەن ڕۆژو شەومن.. کە ئەمیان دێ ئەویان دەچێ
گزنگی ڕووت دای لەکەزییەت .. شەبەنگێکی لێ دەردەچێ
تێکەڵ دەبن شام و سەحەر.. نوێژی سوبحم لێ تێکدەچێ
تەرزی باڵات گوڵی داوەو.. چ عەترێکە لێی هەڵدەچێ..!
جوانی دنیات لێ پیرۆز بێت.. شاجوانی ساڵ لەتۆ ئەچێ..!
داوای ئاوی حەیات ناکەم.. لەتۆ تەنیا نوقڵێ ماچێ.. چی تێئەچێ..!
پرشنگی چاوی بێچوونت .. تەمی مەینەتیم داپاچێ
لەحەشرا کە خڕبووینەوە .. بائەم قەرزەت بەسوو دەرچێ
تۆ دوو ماچم لێ وەستێنە.. تادووبارە گیانم دەرچێ....!

# کەخوێنی ڕژا.. ئەشک وەری

کەخوێن ڕژا ئەشك وەری کڵپە لەڕۆحی خۆر هەستا
لۆلۆی لۆلۆ و گوتەی گۆتی بوونە ئایەتی ئاڤێستا
کانی گریا چەم گڕووی گرت هەناوی دەریا هەڵاوسا
گڕ بەرۆکی بناری گرت بەژنی چیاو کێو هەڵایسا
ڕۆژژمێری ڕۆژی کوردە  بەر لەو ڕۆژە تاکو ئێستا
دەنگی زەنگی هەستانەوە ڕۆژو مانگ و ساڵ نەوەستا
ئەی نیشتمان خوێنی جەرگت پەڵەی تەڵخی مێژووی ڕەشە
لەئاگردانی شۆڕشا پشکۆی گوڵت ئاڵ و گەشە
گەرچی قۆچی ساڵی کۆچی سێ نەتەوەی موسڵمانی
وەك جێژنانە بۆ گۆشتی خێر لالات ئەکەن بەقوربانی
ئەستێرەی بەختت لەسەر سوێ.. خاچ و خەنجەر لەیەك ئەسوێ
بەقولاپ و قەنارەوە جەرگ و دڵت ئەکەن توێ توێ
گەلە کەمتیارێکی گەڕۆڵ وا کێومالْ ئەکەی چیاو چۆڵ
شوێن پێت هەڵئەگرن دۆڵاودۆڵ
تاکەوڵت بکەن بەدەهۆڵ  تۆش خەمی مێژووت نایە کۆڵ
وەك کەڵەکێوییەکی چاوبز بەقەدپاڵی بنارێکا هەڵزناوی
سی سکڵی داگیرساوی جەستە عەرەق و خوێناوی
لەسەر ڕنوویەکی مەزن بوویتە بەفر، تا نەت دزن
مێگەلێکی مەڕو بزن بەبەرچاوتەوە ئەگەزن

# خەرمان بەرەکەت

خەرمان بەرەکەت خان و مان
گوڵشەنت هەر ئاوابێ
خەڵفی باڵاٚت.. گوڵی ڕوخسار
گەشاوەو ئاڵ و والاٚ بێ
عەشق میوانی سەرهێڵە
ڕێبوارێکی ڕێگەی وێڵە
بۆ ئێرە دێ بانەتۆرێ
ڕووگەو هەواری نەگۆڕێ
تینووی شیعرە.. تەنیا چۆڕێ
من نیو دێڕو ئەتۆش نیودێڕ
لەیەکیان دەین بۆ شادێڕێ
لەبڕگەو دەنگی وشەکان
خوناوکەی دڵمان هەڵچۆڕێ
نەزریانە نەهەرایە
نەگێژەنی شەڕەبایە
تا شەماڵە و بارەش نایە
باپەنایە.. پەیداکەین
لەبەردەم ئەم کۆنە کوخەی دڵی من
خەیامانە.. خاکێ بەباو .. ئاوێ بەئاگردا کەین

# ژانی زیندان

دەنگێ هەڵبڕە زەنگی ویژدان بێ
ناڵەی ناسۆرو نەوای گریان بێ
سۆزی غەریبی و ژانی زیندان بێ
تەزووی تاراوگەو کزەی خەزان بێ
وەفای بێداران سەفای یاران بێ
سەدای شەو ئاهەنگ بەزمی جاران بێ
مافی تەقەللات لە لەپی دادا
بارتەقای داوای ڕەوای ژیان بێ

# نەک بۆ سێوێ بۆ لێوێ

خونچە دەمی چاو بادەم
کوا .. مەزەت خەستەبادەم
عەتری جوانیت هاتە ڕوو
بەردوکانت بەرنادەم
ئامادەم وەکو ئادەم
بەهەشت بۆ دنیا لادەم
نەك بۆ سێوێ .. بۆلێوێ
دنیاش بەدۆزەخ دادەم..

٢٠١٨

# دڵم لاوانەوەی ئەوێت

عەشق و جوانی .. ڕەوتی ژیانی .. هەردووکمانی
نەگەیاندە سەر پێگەی لەخەم ڕەخسین و
کۆشی کایەی کامەرانی..
عەشق بۆمن؟.. هەر ئازارو دابڕان بوو؟؟
لەفەرهەنگی بێدەنگیما
خۆنەویستی و قوربانی بوو
لەناو گەنجینەی گەنجیما..
جوانیش بۆتۆ..
کەژاوەی لەخۆبایی بوو..
بەبەیداخێکی نازەوە
بەرەو وێستگەی خۆپەرستی..
بەسەد ڕازو نیازەوە..
مەڕوانە، کەلەئاسمانی
بەرزەفڕی و دوور ئەڕوانی
تۆش هەر وەك من لێی ئەزانی
خۆنەویستیم.. خۆپەرستیت
دوباڵ بوون بۆ خۆشەویستیت
ئەی فریشتەی میهرەبانی
ئەی هەناسەی عەشق و جوانی
دڵم لاوانەوەی ئەوێت
پەریزادەی سلێمانی

٢٠١٨

# شەیدام بەشێتم تێمەگە

کاتێ ئاساییی ئەمبینی ڕەوای هەقە گوێ بگریت لێم
ئەگەر داناتر ئەمبینی بۆسەرپێی ئەڕوانی لێم؟
ئەگەر وەك شێتێ ئەمبینی.. هەرچی بڵێم .. تۆ مەگرە لێم..؟
شەیدام بەشێتم تێمەگە خۆگەر شێتیش بم شێتی تۆم..؟
ئەی ئەو کەسەی خۆشم ئەوێی زیاتر لەخۆم
وەك پەروانە ئەسوتێم و وەکو پەپوولە خول ئەخۆم
لەنیگاو هەست و هەناسەت چێژی ئەوین قوم قوم ئەخۆم
پێکی چاوت مێخەك ڕێژکەو لەبادەی لێوت تێیکە بۆم

٢٠١٨/٨/١٣

# لەدیداری جوانێکا

کەمانگ و شەو بەیەك گەیشتن

لەئامێزی ژوانێکا

تریفەی خەندەی مانگەشەو

تەزووی عەشقە لەژانێکا

شناوەی سەمای ئاسمانە

لەسیحری راژەنینێکا

ئەستێرەکان خونچە ماچن

لەچپەو راچەنینێکا

هەمووم بینی بەیەك سەرنج

لەدیداری جوانێکا..

٢٠١٨/٨/١١

# چاو خۆی نابینیٚ

چاوەکەم پیٚت وتم ئەمڕۆ..

رۆژباشی زۆر کەست کردو..

منت بەسەر نەکردەوە..

وەك ئەوەی چاوت لیٚم نەبیٚ...!

ئازیزەکەم تۆ مەگرە لیٚم .. ئاساییە ئەگەر وابیٚ....!

بۆ تائیستاش نەتزانیوە..

چاو هەمو شتیٚ ئەبینیٚ شیٚوەو روخساری خۆی نەبیٚ..

٢٠١٨/٦/١١

# من و یارو گەمەی عەشق

عەشقم لەچاوما شاردەوە
تۆ لەدڵما دۆزیتەوە..
دڵم لەلای ڕاستم دانا
تۆ لای چەپم دزیتەوە..
ماڵئاوا من دڵشکاوو
تۆش بەلاف و گزیتەوە..
لەم گەمەی گەوهەری عەشقە
خۆم دۆڕاند تا بیبەیتەوە..
بەڵکو دڵم بێتە دەستت
تاهەتایە نەمدەیتەوە..
بۆ بنەو هەواری ئەوین
تۆ دەڕۆیت و من دێمەوە..
ئەو ئەستێرەی رۆژ لێم ون بوو
لەتاریکی شەو دیمەوە..
هەرچی ڕیسە.. بۆ هەرێسە
هەر ئەمەکە.. بۆ نمەکە
لێوم بزووت وتت بڤە
پەنجەم هێنا وتت مەکە
ڤینۆسی شاری شاعیران
شاباشی شیعرم پێ مەکە
دڵ میوانی مەدینەش بێ
ڕۆح هەر ڕوو دەکاتە مەککە

٢٠١٨

# فەنەری ڕۆح و هەتاوی عەشق

لەمێژە فەنەری رۆحم
پەڵە بەفرێکی زەمرڕوتەو..
بەرووی هەتاوی عەشقتدا
دوور لەمن دەبریقێتەوە..
خشتی بنچینەی تەمەنم
رۆژگارێکە بۆتە پلێت..
لەژێر سۆزی چەکوشی جەفا
بەناهەق دەڕەقێتەوە
بۆڵ بەبۆڵی هێشووی دڵم..
پێش گەیشتنی بەلێوی یار..
بەناکامی چاو لێك دەنێ و
نامراد دەفلیقێتەوە
بێوەفایش قەرەجێکە و
نیشتیمانم داگیر ئەکا..
بەناڵەی ژانم ئەخەنێ و
بێپەروا ئەتریقێتەوە..

٢٠١٨/٦/١٢

عەشقم لە چاوما شاردەوە
تۆ لەدڵما دۆزیتەوە
دڵم لەلای ڕاستم دانا
تۆ لای چەپم دزیتەوە
ماڵئاوا من دڵشکاو و
تۆش بەلاف و گزیتەوە
لەم گەمەی گەوهەری عەشقە
خۆم دۆڕان ئاییبەیتەوە
بەڵکو دڵم بێتە دەستت
تا هەتایە نەمدەیتەوە
بۆ بنەو هەواری ئەوین
تۆ دەڕۆیت و من دێمەوە
ئەو ئەستێرەی ڕۆژ لێم ون بوو
لەتاریکی شەو دیمەوە
هەرچی ڕیسە بۆ هەرێسە
هەر ئەمەکە بۆ نمەکە
لێوم بزووت وتت بڤە
پەنجەم هێنا وتت مەکە
ڤینۆسی شاری شاعیران
شاباشی شیعرم پێ مەکە
دڵ میوانی مەدینەش بێ
ڕۆح هەر ڕو دەکاتە مەککە

